ئاستانە



# بونیادنانی بیری ڕەخنەیی
# بۆ تازە لاوانی پێشەنگ

**نووسینی:** ئەحمەد یوسف سەیید

**وەرگێڕانی:** سەرهەنگ ئەحمەد

ASTANA

بونیادنانی بیری ڕەخنەیی

بـۆ

تازەلاوانی پێشەنگ

# بونیادنانی بیری ڕەخنەیی بـۆ **تازەلاوانی پێشەنگ**

نـــاوی نووســەر: ئەحمەد یوسف سەیید
نــاوی وەرگـێڕ : سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح
دیزاینی ناوەوە و بەرگ : زەردەشت کاوانی
نۆبــەتـی چـــــاپ: یەکەم ٢٠٢٢
تـیــــــــراژ: ١٠٠٠ دانـــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (        ) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

# بونیادنانی بیری ڕەخنەیی

## بـــۆ

# تازەلاوانی پێشەنگ

نووسینی

**ئەحمەد یوسف سەیید**

وەرگێڕانی

**سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح**

ASTANA

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی وەرگێڕ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سوپاس و ستایش بۆ خودای كاربەجێ و مەزن، سوپاسێك پاكتر لە هەورە سپییەكانی ئاسمان، زۆرتر لە دڵۆپە ئاوی باران، لەپای هەموو بەخشش و نیعمەتەكان، ستایش بۆ ئەو خودایەی كە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی پێ بەخشیوین و، كردوویەتی بە چرای تاریكی ڕێمان، سەلات و سەلامی خودا لەسەر خۆشەویست و پێشەوا و سەروەرمان، سەلام و ڕەزامەندی لەسەر هاوەڵان و شوێنكەوتووانیان تاوەكوو ڕۆژی پایان ...

پـاشـــــان:

كاتێك سەیری مێژووی پرشنگداری ئیسلامی دەكەین، دەبینین زۆر بایەخ بە پەروەردە و فێركردنی تازەلاوان و گەنجان دراوە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامیی و زانایانەوە؛ بۆیە ئەوانیش هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریكردن و سەرخستنی ئایینەكەیان بوون. بەڵام لەدوای زاڵبوونی ئیستیعمار بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا، وردە وردە ڕۆڵی تازەلاوان و گەنجان مرێندرا و بە شتانێكی بێبەهاوە سەرقاڵكران. پاشان لەدوای كرانەوەی جیهانی ئیسلامي بە ڕووی

وڵاتانی ئەورووپاییدا و بڵاوبوونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ سنوور و چوارچێوە، بە ڕێژەیەکی ئێجگار ترسناك تازەلاوان لە ئایین و ناسنامە و شوناسیان دوورخرانەوە، تاوەکوو وای لێهاتووە زۆرێکیان هیچ بە لایانەوە گرنگ نییە ئەگەر نوێژەکانیان نەکەن، یان ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان نەگرن یان، ...هتد، بەڵکوو ڕێژەیەکی بەرچاویان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی بنەمای ئایینەکەیان نییە کە تەوحید و بەندایەتییە بۆ خودای باڵادەست. هەموو ئەمانە و هەبوونی ئەو لافاوە بەرنامە بۆ داڕێژراوەی گومانەکان کە لە شاشەی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان بڵاودەکرێتەوە، سەرەنجامێکی زۆر ترسناکی دەبێت ئەگەر بەم شێوازە پشتگوێ بخرێن. ئەگەر چاوێك بە پەیڕەوی بانگەوازیدا نەخشێنینەوە و هەڵە و کەموکورتییەکان چارەسەر نەکەین، دواتر پەشیمانی دادمان نادات.

لەپێناو دروستبوونەوەی نەوەیەکی ڕووناکبیر و هۆشیار و خاوەن ئیرادە و خەمخۆری ئیسلام، هەستاین بە وەرگێڕانی ئەم پەڕاوە بەنرخەی مامۆستا «ئەحمەد یوسف سەید» کە بە ویستی خودا هەنگاوێکی زۆر باش دەبێت وەك خزمەت لەم بوارەدا.

داواکارم لە خودای بێهاوتا و کار ڕەوا، خۆی بەرەکەت بخاتە ناو ئەم پەڕتووکە پوختەوە.

لێی دەپاڕێمەوە لێمان قبووڵ بفەرمووێت و بیکات بە توێشووی ڕێمان.

ASTANA

**تێبینی:**

١ـ ئەو وتانەی لە نێوان ئەم دوو کەوانەدایە [ ] لە هەر شوێنێکدا هەبێت، وتەی وەرگێڕە.

٢ـ لە بەشی چەواشەکارییە لۆژیکییەکان نووسەر تەنیا چوار چەواشەکاری باسکردبوو، بە باشم زانی منیش چوار جۆری دیکەی بۆ زیاد بکەم، بۆیە لە چەواشەکاری پێنجەم ـ(مغالطة الاحتكام إلى الشيوع): داوەریکردن بۆ لای ئەوەی کە بەربڵاوە- زیادکراوی وەرگێڕە.

٣ـ هەر ڕوونکردنەوەیەکم دابێت، لە پەراوێزدا نووسیومە «وەرگێڕ».

ASTANA

## پێشەکی نووسەر

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحَمْدُ للّٰه رَبِّ العَالَمِيْنَ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَىٰ أَشْرَفِ الأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِيْنَ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلَىٰ آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْنَ

پاشـــان:

پێشتر لە پەڕتووکی «قەڵغانەکان»[1] و (إلى الجيل الصاعد) باسی گرنگی و بایەخی بەهێزکردنی بیری ڕەخنەگریم کردووە لەلای ئەو نەوەیەی لەمەودوا ڕووبەڕووی ئەندازەیەکی ئێجگار ترسناکی گومانی هزری دەبێتەوە کە توانای بەرەنگاربوونەوەیان نابێت. باسی ئەوەشمان کردووە ئەو گومان و گرفتانەی کە زیانێکی زۆری بە تازەلاوان و گەنجان گەیاندووە، دەکرێت خۆپارێزی لێ بکرێت، ئەویش بە بیری ڕەخنەیی ڕاست و دروست کە لەسەر ڕێسا ڕەخنەییەکان بونیادنراوە.

پاشان ئەم بیرکردنەوەیەم بە کرداری لەگەڵ ژمارەیەك تازەلاو جێبەجێکرد کە تەمەنیان لە نێوان دوازدە بۆ شازدە ساڵ بوو.

---

(١) ڕێکخراوی ئاستانە بە سوپاسەوە وەریگێڕاوە.

ئەمەش وایکرد زیاتر بایەخ و بەهای ئەم بابەتەم لەلا تۆختر ببێتەوە، سەرسام بووم بە توانایان لەسەر چالاکی و بەکرداری کردنی ڕێسا ڕەخنەییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکان بریتی بێت لە بایەخدان بە لایەنی کرداری کە لاوان لە ژیانی ڕۆژانە و واقیعیاندا پێویستیان پێی دەبێت، لەگەڵ دارشتنی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ ڕێساکانی بیری ڕەخنەیی بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنرێن و ببنە هۆی بەدەستهێنانی یەقین و دڵنیایی، نەوەك گومان و بێباری و شپرزەیی مەعریفی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، زۆرێك لە پەرتووکەکانی بواری بیری ڕەخنەیی ئێجگار لەلایەنی بیرەکی و نەزەری دوور لە واقیع ڕۆدەچن. یان نموونەی کرداری باس دەکەن، بەڵام دوورە لە شێوازی زانستی و پەیڕەوێکی تۆکمە، یان دوورە لەو دۆخەی لاوان تێیدا دەژین و پێویستیان بە خۆپارێزی هەیە لە هزر و باوەڕە چەوتەکان.

**لەم پەڕتووکەدا بایەخم بە وەڵامدانەوەی ژمارەیەك پرسیاری گرنگ داوە، لەوانە:**

- دیارترین هەڵە و چەواشەکاری بەربڵاو سەبارەت بە شوناس و باوەڕی مسوڵمان کامەیە؟

- چۆن دڵنیا ببینەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو وتە و ئەفکارانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە؟

- ئایا کۆمەڵە ڕێسایەك هەیە کە بەهۆیانەوە لە چەوتی وتە و هزرەکان، یان هەڵە و چەواشەکاری دڵنیا ببمەوە؟

- ئایا دەتوانم شوێن و شێوازی ئەو هەڵە و چەواشەکاریانە دەستنیشان بکەم؟

-ئایادەتوانم بگەم بەناوەڕۆك و کرۆکی هەڵە و چەواشەکارییەکان؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە وا دەخوازێت بە شێوازی پلەبەندی و زانستی لە ڕێگەی کۆمەڵە ڕێسایەکەوە ڕوون بکرێتەوە بە پشت بەستن بە کۆمەڵە نموونەیەکی کرداری، منیش ئەم شێوازە پەیڕەو دەکەم بە ویستی خودا.

پێشتر لەم بوارەدا پەڕتووکێکم نووسی بە ناونیشانی (أصول الخطأ)[١] کە بە شێوازێکی گشتی جیاوازە لەم پەڕتووکە هەرچەندە لە هەندێك ڕێسا و نموونەدا لێکچوون لەنێوانیاندا هەیە. هەر چۆنێك بێت، ئەم پەڕتووکەیان ئاسانتر داڕێژراوە؛ بە شێوازێکی زانستی و سەرەنج ڕاکێش، زیاتر نزیکە لە جێبەجێکردنی لە بواری کرداریدا. بەڵام ئەوەی پێشوو قووڵترە و بە زمانێکی ئاست بەرز و فراوانتر نووسراوە، هەندێك لێکچوونیش لە ناونیشانیاندا هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازن. بەهەر حاڵ، هیچ یەکێکیان بێ پێویستت ناکات لەوەی دیکەیان.

---

(١) سوپاس بۆ خودا ئەم پەرتوکەم پێشتر وەرگێڕاوە، ناوم لێناوە «سەرابی گومانەکان» بە سوپاسەوە ڕێکخراوی ئاستانە بڵاوکردنەوەی لەئەستۆ گرت.

داوای تەوفیق و قبووڵ پێ بەخشین و بەرەکەت تەنیا لە خودا دەکەم، سوپاس و ستایش بە بەردەوامی بۆ خودای بێهاوتا.

ئەحمەد یوسف سەیید

١٤٤١/٦/١٩

٢٠٢٠/٢/١٤

ASTANA

# بەها و گرنگی
# بیری ڕەخنەیی

## بەها و گرنگی بیری ڕەخنەیی

ئەگەر لە قورئانی پیرۆز بڕوانین، دەبینین زۆر بایەخ بە بیرکردنەوە و تێڕامان و وردبوونەوە و تێڕوانین بۆ وێنە وتەی خودای بێهاوتا دراوە: ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثۡنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ لَّكُم بَيۡنَ يَدَيۡ عَذَابٖ شَدِيدٖ ٤٦ ﴾ [سبأ: ٤٦] واتە: ((من بە یەك وشە ئامۆژگاریتان دەكەم لەپێناوی خودا، دوور لە دەمارگیری و ئارەزوو، یەك یەك و دوو دوو دابنیشن و بیر بكەنەوە، ڕابمێنن؛ ئەو كات چاك بۆتان ڕوون دەبێتەوە كە هاوەڵەكەتان پەیامبەرﷺ شێت نییە، بەڵكوو ئەو تەنیا ترسێنەرە بۆ ئێوە، پێش ئەوەی سزایەكی سەخت ڕووبەڕووتان ببێتەوە.))

قورئان، وتەی موشریك و گومانسازانی پووچەڵكردووەتەوە، بۆ نموونە وتەی خودای باڵادەست: ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٥٩ ﴾ [آل عمران: ٥٩] واتە: ((بەڕاستی وێنە و نموونەی دروستبوونی عیسا -كە جێگەی سەرسوڕمان و مشتومڕی ئەوانە- هەر وەكوو وێنە و نموونەی دروستبوونی ئادەمە لەلای خودا، ئەوەبوو لە گڵ دروستی كرد.))[١]

---

(١) لەم ئایەتە پیرۆزەدا كە تەنها یەك دێڕە، خودای بێهاوتا وەڵامی دوو

له فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ دەبینین ئاماژە بە ژیری و ئاگایی باوەڕدار کراوە: (لَا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ).

واتە: ((باوەڕدار دوو جار لە یەك شوێنەوە ناگەسترێت.))

---

گومانی کاریگەری بەربڵاو دەداتەوە:

یەکەم: پووچەڵکردنەوەی بەخوازانینی عیسا -علیه السلام-: مەسیحییەکان بە بیانووی ئەوەی عیسا -علیه السلام- بە شێوازێکی تایبەت دروست بووە، بەشێك لە خوادارییان پێ داوە... خودای باڵادەست بە بەڵگەیەکی زۆر بەهێز وەڵامیان دەداتەوە، ئەویش: ئەگەر عیسا -علیه السلام- شایستە بێت بپەرەسترێت بە بیانوی ئەوەی بەبێ باوك دروست بووە، ئەوە ئەولاتر وایە پێغەمبەر ئادەمیش -علیه السلام- بپەرەسترێت و بەشێك لە خوایەتی پێ بدرێت، چونکە ئادەم -علیه السلام- بەبێ باوك و دایکیش دروست بووە، لە کاتێکدا مەسیحییەکان خۆشتان باوەڕتان وایە ئادەم -علیه السلام- نابێت بپەرەسترێت، فیعلەن کەسی دیکەش نەیوتووە ئادەم -علیه السلام- بەشێك لە خوادارى تێدایە، ئەوە دەبێت واز لە پەرەستنی عیساش بهێنن.

دووەم: پووچەڵکردنەوەی تۆمەتی یەهودییەکان: یەهودییەکان دەیان وت: نابێت منداڵ بەبێ باوك لە دایك ببێت! مەریەمیش بەبێ مێردکردن منداڵی بووە، کەواتە مەریەم خراپەی کردووە لەگەڵ پیاوێك بۆیە ئەو منداڵەی بووە، سەرەنجام ئەو منداڵە زۆڵە و بێباوکە!

خودای فەرمانڕەوا وەڵامیان دەداتەوە و پێیان دەفەرمووێت: ئێوە ئەی یەهودییەکان باوەڕتان وایە پێغەمبەر ئادەم -علیه السلام- بەبێ باوك و دایکیش دروستکراوە و بەلاشتانەوە ئاساییە، ئیتر بۆچی پێتان سەیرە کەسێکی دیکە بەبێ باوك دروست بکرێت! کەواتە بەپێی باوەڕی خۆتان، دەبێت واز لەو تۆمەتە ناڕەوایە بهێنن. (وەرگێڕ).

هەروەها لە ژیننامە و ڕۆژگاری پێشەوایان و زانایانی مسوڵماناندا جێبەجێکردنی کرداری ئەم بەڵگە و بورهانانە بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، ئەوەش بە وەڵامدانەوەی گومانسازان و چەواشەکاران، دەرخستنی هەڵە و تێکەڵکردن و چەواشەکارییەکانیان. جا بە گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوە بێت، یان بە پەڕاو و نووسینی پەڕتووك، هەتاوەکوو وای لێهاتووە توڕاس و کەلەپوریان باشترین سەرچاوەیە بۆ بەهێزکردنی بیری ڕەخنەگرانە، و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیربینی، دیاریکردنی چوارچێوە بۆ ڕەخنەی زانستی، هەتاوەکوو تێکەڵ نەبێت لەگەڵ بیری گوماناوی کە نە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زانست، نە ژیری مرۆڤیش بەهێز دەکات.

لەبەر زۆری هۆکارەکانی چەواشەکاری و گومانسازیی و بە هەڵەدابردن لەم سەردەمەدا، پێویستە لەسەر لاوان دوو بابەتی سەرەکی گرنگ زۆر بە باشی تێبگەن و فێری بین:

**یەکەم:** بەڵگەکانی ڕاستی و دروستی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بە شێوازێك فێری ئەو بەڵگانە بین کە دیارخەری حەق و ڕاستێتی ئیسلام بێت.

**دووەم:** بەهێزکردنی ئاستی بیری ڕەخنەگری و، بیرکردنەوەی تەندروست؛ هەتاوەکوو لاواز نەبن لە بەرانبەر لافاوی گومان و شوبوهاتە فکرییەکان.

ASTANA

**خاڵی یەکەم:** کۆمەڵێك پەڕتووك و سەرچاوەی زۆری لەسەر دەستدەکەوێت، لە گرنگترینیان ئەو ئاستەیە کە لە ئەکادیمیای (صناعة المحاور)دا دەیخوێنین بە ناونیشانی (دلائل أصول الإسلام) بەڵگەکان لەسەر بنەماکانی ئیسلام.

**خاڵی دووەم:** هەرچەندە سەرچاوەکان زۆرن، بەڵام سوودبینین لە زۆرێکیان ئاسان نییە بە لای لاوانەوە؛ چونکە دوورن لە واقیعی ئەمڕۆ.

لەم پەڕتووکە پوختەدا -بە ویستی خودا- کۆمەڵێك ڕێسای ڕەخنەیی کرداری باس دەکەم، لەگەڵ ژمارەیەك نموونە کە دەبێتە هۆی ئاسانکردن و زیاتر خرۆشاندنی ویست و ئارەزوو بۆ سوود وەرگرتن لێی.

# ڕێساکانی
# بیری ڕەخنەیی

## ڕێسای یەکەم

## وەرنەگرتنی وتەی بێ بەڵگە

زۆرێك لەو وتە و بابەتە بڵاوانەی خەڵکی گرنگی پێ دەدات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و جگە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نییە. هەنگاوی یەکەمیش بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر وتە و بیرۆکەیەك بریتییە لە ڕوانین لەو بەڵگەیەی کە پشتی پێ بەستووە، ئایا بەڵگە و بورهانێك پشتگیری دەکات، یان هیچ نییە جگە لە بانگەشەیەکی بێ بەڵگە و وتەیەکی سەر زار؟

**نموونە:**

کاتێك کەسێك دەڵێت: زانینی ئەو بورجەی کە تێیدا لەدایك بووین زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆمان بناسین.

دەبێت هەڵوێستمان چۆن بێت بەرانبەر ئەم وتەیە؟

پێویستە سەرەتا بڕوانین، ئایا ئەو کەسەی ئەم وتەیەی وتووە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر وتەکەی باسکردووە، یان نا؟ یاخود تەنیا وتەیەکە و فڕێی داوە؟

ئەگەر بەڵگەی باسکردبوو، ئەوە دەربارەی بەڵگەکەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین.

ASTANA

ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی لەسەر وتەکەی باس نەکردبوو، ئەوە پێویست ناکات بچینە گفتوگۆی قووڵ لەگەڵیدا، بەڵکوو لە ڕووی زانستییەوە، پێویست ناکات هەڵەکەشی ڕوون بکەینەوە؛ چونکە وتەکەی بۆ خۆی پووچەڵ و ڕەتکراوەیە و هیچ گرنگییەکی نییە، تەنیا وتەیەکی فڕێداوە.(١) خۆ ئەگەر بێتوو هەر کەسێك وتەیەك فڕێ بدات و لێی وەربگیرێت و بە گرنگەوە لێی بڕوانرێت، ئەوە دەکرێت بەرپەرچی هەموو بۆچوون و باوەڕێك بدرێتەوە بە وتەیەکی هاوشێوەی، هەرچەندە بەڵگەشی لەگەڵ نەبێت. لەسەر ئەم شێوازەش دەکرێت ئێمە لە بەرانبەردا بڵێین: ئەسڵەن زانینی ئەو بورجەی کە تێیدا لەدایك بووین هیچ گرنگ نییە، چونکە هیچ پەیوەندی بە کەسایەتیمانەوە نییە.

**نموونەیەکی دیکە:**

کەسێك دەڵێت: ئیسلام ئایینێکی دڕندانەیە!

پاشان هیچ بەڵگەیەك لەسەر وتەکەی باس ناکات.

---

(١) نووسەر مەبەستی ئەوە نییە کە ئەم جۆرە گومانانە بەیەکجاری پشتگوێ بخرێت و وەڵام نەدرێتەوە، بەڵکوو لێرەدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات لە ڕووی زانستییەوە، بەپێی پێوەرەکانی زانستی توێژینەوە و گفتوگۆکردن بەو شێوەیەیە. ئەگینا کە زانرا ئەم جۆرە گومانانە شوێنەواری نەرێنی و کاریگەری خراپ لەسەر باوەڕی مسوڵمانان دروست دەکەن، ئەوە پێویستە بە ڕوونی وەڵامیان بدرێتەوە و ڕوانگەی ڕاستی ئاشکرا بکرێت. (وەرگێڕ)

ASTANA

دەکرێت ئێمەش لە بەرانبەردا بڵێین: نەخێر، ئیسلام ئایینێکی دڕندانە نییە.

**نموونەیەکی دیکە:**

ئەگەر وتی: خودا بوونی نییە. ئەم وتەیەی بەبێ هیچ بەڵگە فڕێدا .

لە بەرانبەردا، ئێمەش دەڵێین: خودا بوونی هەیە! بەم شێوازە هیچ یەکێك لەم دوو وتە جیاوازە لە پێشتر نییە.

کەواتە پرسیاری یەکەم کە دەبێت لە کاتی گفتوگۆی هەر وتە و بیرۆکەیەکدا ڕووبەڕووی کەسی بەرانبەری بکەینەوە بریتییە لە: بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێیت؟

بەڵگەکەت باس بکە، تاوەکوو گفتوگۆی لەسەر بکەین؟

ASTANA

## ڕێسای دووەم

## دابەشکردنی وتەکەی بۆ سێ بەش: «بەڵگە، بەڵگە هێنانەوە، سەرەنجام» پاشان پرسیاری ڕەخنەیی ڕووبەڕووی هەر یەکێکیان بکرێتەوە

زۆر جار وتە و بیرۆکە هەڵە و ناڕاستەکانمان لێ تێکەڵ دەبێت لەگەڵ وتە و بیرۆکە ڕاست و دروستەکان؛ چونکە بە تەواوی پێکهاتە و بەشی بیرۆکە و وتەکانمان لێك جیا نەکردووەتەوە. ئەم لێ تێکەڵبوونە زیاتر ڕوودەدات، کاتێك گومانساز بیەوێت بە تێکەڵ کردنی ڕاست و ناڕاست چەواشەکاری بکات، دەبینیت زۆرجار بەئاگا نیت لە جیاکاری لە نێوان بەڵگە و بەڵگە هێنانەوە، یان بە ئاگا نیت لە جیاکاری لە نێوان ئەو سەرەنجامەی بەڵگەکە دەیخوازێت و ئەوەی بەڵگەکە نایخوازێت، (ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی کەم و کورتی و خاڵی لاواز لە کاتی گفتوگۆدا)، لەمەودوا بە شێوازێکی ئاسان ئەم بابەتە ڕوون دەکەینەوە -بە ویستی خودا-.

لە گرنگترین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی کرداری بیری ڕەخنەگری بریتییە لە: دابەشکردنی وتەی کەسی بەرانبەر بۆ سێ بەش، ئەوانیش: «بەڵگە، بەڵگە هێنانەوە، سەرەنجام» هەتاوەکوو بە ئاسانی بتوانین مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، دەرك بە هەر هەڵە

و کەموکوڕیەك بکەین کە دەکرێت لە هەر یەکێکیان هاتبێتە کایەوە.

بەڵگە و سەرەنجام واتاکانیان ڕوونە. ئەوەی دەکرێت ناڕوون بێت بەڵگە هێنانەوەیە. مەبەستیش بە بەڵگە هێنانەوە بریتییە: لەو کردارەی بە هۆیەوە دەتوانرێت بەڵگە بگەیەنرێتە سەرەنجام.

لەمەودوا لە ڕێگەی نموونەکانەوە زیاتر ڕوون دەبێتەو.

کاتێك وتەکەمان دابەشکرد بۆ سێ بەش، ئیتر دەتوانین بە ئاسانی پرسیارە ڕەخنەئامێزەکان ڕووبەڕووی هەر بەشێك بکەینەوە کە دەمانەوێت. بەمەش لە هەموو لایەکییەوە گەمارۆی وتەکە دەدەین و بەڵگەکەی پووچەڵ دەکەینەوە لە ڕێگەی کۆمەڵە پرسیارێکەوە. هەروەها کرداری بەڵگە هێنانەوەکەشی هەڵدەوەشێنینەوە بەهۆی پرسیارگەلێکی دیکەوە، سەرەنجامەکەش لەکاردەخەین بەهۆی کۆمەڵە پرسیارێکی تایبەت بە خۆیەوە، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

ASTANA

## ئەو پرسیارانەی کە پێویستە ڕووبەڕووی وتەکە بکرێتەوە:

| بەڵگە | بەڵگە هێنانەوە | سەرەنجام |
|---|---|---|
| • ئایا بەڵگەکەی ڕاستە؟<br>• ئایا بەشێوازێکی تەواو لە بەڵگەکە تێگەشتووە؟<br>• ئایا ئەو بەڵگەیە لەلای کەسی گومانساز بەهەند وەردەگیرێت، یان نەخێر؟ یان چونکە پشتگیری گومانەکەی دەکات، بۆیە ئەویش پشتی پێ بەستووە؟<br>• ئایا لایەنی دیکە هەیە کە کاریگەری هەبێت لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە، کە کەسی گومانساز باسی نەکردبێت؟ | • ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام؟<br>• ئایا ئەگەری سەرەنجامی دیکە لەئارادا هەیە جگە لەوەی گومانساز باسی کردووە؟ | • ئایا سەرەنجامێکی بەهێزتر لە ڕووی بەڵگەوە بەرهەڵستی لەگەڵ ئەو سەرەنجامە ناکات کە گومانساز باسی کردووە؟ |

ئەم خشتەیە نەخشەی کرداری ڕەخنەگریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەمەودوا بە نموونە زیاتر باسی لێوە دەکەین. لە کۆتایی ئەم پەڕتووکەدا چەند نموونەیەك باس دەکەین، ئەم پرسیارانەیان ڕووبەڕوو دەکەینەوە، ئەو کات لاوازی و فشۆڵی ئەو وتە و بیرۆکانەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەم سەردەمەدا زۆرترین

کاریگەرییان لەسەر خەڵکی دروست کردووە، وەکوو: بابەتی گرفتی شەڕ، ...هتد. کە دواتر دێت.

بەڵام ئێستا هەندێك پرسیاری ڕەخنەیی لە شێوازی ڕێسادا دەخەینە ڕوو، دواتر دەچینە سەر درێژەی باسکردنی نموونەکان. هیواخوازم ئەم ڕوونکردنەوەیەت لە پێش چاو بێت لە کاتی خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکەدا.

ئەو ڕێسایانەی باسیان دەکەین بریتین لە:

- ئاڕاستەکردنی پرسیارە ڕەخنەئامێزەکان بۆ بەڵگەکە.

- ڕوانینە ئەو لایەنانەی کە باس نەکراوە و کاریگەری هەیە لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە، یان لە سەرەنجام.

- پووچەڵکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە بەهۆی جێبەجێکردنی بنەمای پەیوەندی[١].

- بەرهەڵستی کردنی سەرەنجامەکە بە سەرەنجامێکی بەهێزتر و حاشا هەڵنەگر.

---

(١) دواتر ڕوونکردنەوەی دێت.

ASTANA

## ڕێسای سێیەم

## ئاڕاستەکردنی پرسیارە ڕەخنەئامێزەکان بۆ بەڵگەکە

ئەگەر ئەو وتە یان ئەو بیرۆکەیەی کە دەمانەوێت پووچەڵی بکەینەوە بەڵگەی لەسەر بوو، ئەوە گفتوگۆی بەڵگەکە دەکەین بە ئاڕاستەکردنی چەند پرسیارێك بەرانبەری. ئەگەر بەڵگەکە پووچەڵ نەبوویەوە بەهۆی پرسیارەکانەوە، ئەوکات دەچینە هەنگاوی گفتوگۆ لەگەڵ بەشەکانی دیکە کە لەمەودوا لە ڕێساکاندا باسی دەکەین -بە ویستی خودا- خۆ ئەگەر وتەکە یان بیرۆکەکە لە هەموو وێستگەکاندا بە سەلامەتی دەرچوو، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وتەکە یان بیرۆکەکە ڕاست و دروستە.

### ئەو پرسیارانە چین کە ئاڕاستەی بەڵگەکە دەکرێت؟

ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی بەڵگەکە دەکرێت:

- ئایا بەڵگەکە ڕاستە؟
- ئەگەر بەڵگەیەکی خەبەری بوو،[1] ئایا سەنەدەکەی جێگیربووە؟

---

(١) بەڵگە خەبەرییەکان: بریتییە لەو بەڵگانەی بەهۆی هەواڵ و خەبەرەوە بەدەست دێت؛ بەڵگەکانی قورئان و سوننەت لەم جۆرەی بەڵگەکانە. هەرچەندە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت خەبەرین، بەڵام لە هەمان کاتدا لە خۆگری بەڵگە ئەقڵییەکان و بەڵگە ئەزموونییەکانە و،

• ئەگەر بەڵگەیەکی ئەقڵی بوو،[١] ئایا پشتی بە یەکێك لە بنەما ئەقڵییەکان بەستووە؟[٢]

• ئەگەر بەڵگەیەکی ئەزموونی بوو،[٣] ئایا پشتی بە ڕاستییەکی ئەزموونی حاشا هەڵنەگر بەستووە؟

---

پێچەوانەیان ناکات. (وەرگێڕ)

(١) بەڵگە ئەقڵییەکان: بریتییە لەو بەڵگانەی بەهۆی ئەقڵ و ژیرییەوە بەدەست دێن. (وەرگێڕ)

(٢) بنەما ئەقڵییەکان: بریتییە لەو بنەما نەگۆڕانەی لە لای هەموو مرۆڤێکی ژیر بەدی دەکرێت. پێویستی بە لێ وردبوونەوە و بەڵگەهێنانەوە ناکات، بەڵکوو ئەم بنەمایە بنچینەی هەموو بەڵگەهێنانەوەیەکەیە، ئەوانیش:

١ـ بنەمای هۆکاربوون (مبدأ السببية): واتە: هەر ڕووداوێك ڕوودەدات ئەوە بەهۆی بکەرێکەوە هێنراوەتە بوون، ناکرێت ڕووداوەکان لەخۆیانەوە بەبێ هۆکارێك بێنە بوون.

٢ـ بنەمای کۆنەبوونەوەی دژەکان (مبدأ عدم اجتماع النقيضين): واتە: هەرگیز دوو شتی دژ ـپێچەوانەـ لە یەك کات و لە یەك شوێندا کۆنابنەوە، وەك: مردن و ژیان، جووڵە و وەستان، قسەکردن و بێدەنگ بوون ... هتد، هەرگیز ناکرێت مرۆڤ لە یەك کاتدا هەم مردوو و هەم زیندووش بێت.

٣ـ بنەمای هەموو گەورەترە لە بەش (مبدأ أن الكل أكبر من الجزء)، بۆ نموونە: کاتێك پرتەقاڵێك دەکرێت بە چوار بەشەوە، ئەوە هەموو پرتەقاڵەکە زۆرتر و گەورەترە لە بەشێکی. (وەرگێڕ)

(٣) بەڵگە ئەزموونییەکان-تەجریبییەکان: بریتییە لەو بەڵگانەی بەهۆی هەستەوەرەکانەوە -لە بینین و بیستن و دەستلێدان و چەشتن و بۆنکردن- دێنە کایەوە، یان بەهۆی ئەزموون و لێکۆڵینەوەوە بەدەست دێت. (وەرگێڕ)

ASTANA

• ئەگەر بەڵگەکە سەحیحە، ئایا پلەی سەحیحییەکەی چەندە؟

• ئایا یەکلاکەرەوەیەکی (قەطعی) حاشا هەڵنەگرە؟ یان نەخێر ئەگەرییە (ظني)[1] و دەکرێت بە لە خۆی بەهێزتر بەرهەڵستی بکرێت

---

(١) * بەڵگەکان لە ڕووی جێگیربوون (الثبوت)وە دوو جۆرن:
یەکەم: (قطعي الثبوت): بریتییە لەو دەقە، یان لەو بەڵگەیەی دڵنیاین لە ڕاستی و دروستی جێگیربوونی؛ وەك: دەقەکانی قورئان وفەرموودە موتەواتیرەکان، بنەما ئەقڵییەکان و... هتد.
دووەم: (ظني الثبوت): بریتییە لەو بەڵگەیەی زانایان یەك دەنگ نین لەسەر سەحیحێتی؛ وەك ئەو فەرموودانەی زانایان جیاوازیان هەیە لە بە سەحیح دانانی، یان هەر لێکۆڵینەوەیەك کە لە ١٠٠٪ لە ڕووی زانستییەوە نەچەسپاوە.
* بەڵگەکان لە ڕووی گوزارشت (الدلالة)وە دوو جۆرن:
یەکەم: (قطعي الدلالة): بریتییە لەو بەڵگەیەی تەنها یەك لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆ نموونە خودای بێهاوتا دەفەرموێت:

﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾ ﴾ [البقرة: ١٦٣]

دووەم: (ظني الدلالة): بریتییە لەو بەڵگەیەی زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت، بۆ نموونە خودای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿ وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ ﴾ [البقرة: ٢٢٨] وشەی (قُرُوءٍ) لەزمانی عەرەبیدا، بە واتای (الحيض) سووڕی مانگانە و بە واتای (الطهر) پاکبوونەوە دێت؛ بۆیە ئەم ئایەتە (ظني الدلالة)یە، بە هەمان شێواز ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ﴾ [التكوير: ١٧] ، چونکە وشەی (عَسْعَسَ) لە زمانی عەرەبیدا، بە واتای (أقبل) هاتن و (أدبر) ڕۆشتن دێت.
* بە کۆی گشتی بەڵگەکان هەیانە:

ئەم پرسیارانە، ئەو بەڵگانە ئاشکرا دەکات کە شایستە نین بکرێنە بەڵگە؛ چونکە بۆ خۆیان ڕاست نین. بە هەمان شێواز ئەو بەڵگانەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پەسەندن، بەڵام قەطعی نین و دەکرێت بە بەڵگەی بەهێزتر بەرهەڵستی بکرێن.

**نموونە:**

کەسانێك دەڵێن: ئیسلام پێچەوانەی زانستی ئەزموونی دەکات. پاشان ئەم فەرموودەیەی کە پێشەوا حاکم گێڕاویەتییەوە[١] کە گوایە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی دەربارەی گۆشتی مانگا: (إِنَّهَا دَاْء) واتە: «گۆشتی مانگا نەخۆشییە!». گومانساز، دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ناڕاستی ئیسلام؛ چونکە زانستی ئەزموونی پێچەوانەکەی سەلماندووە، گۆشتی مانگا دەرد و نەخۆشی پێوە نییە، بەڵکوو زۆریش بەسوود و وزەبەخشە.

---

١- (قطعي الثبوت) و (قطعي الدلالة)یە.
٢- (قطعي الثبوت) و (ظني الدلالة)یە.
٣- (ظني الثبوت) و (قطعي الدلالة)یە.
٤- (ظني الثبوت) و (ظني الدلالة)یە.
*ئەگەر بەڵگەیەکی (قطعي الثبوت) لەگەڵ بەڵگەیەکی (ظني الثبوت) تێکگیران، ئەوە قەطعییەکەیان پێش دەخرێت.
ئەگەر بەڵگەیەکی (قطعي الدلالة) پێچەوانەی بەڵگەیەکی (ظني الدلالة)ی کرد، ئەوە قەطعییەکەیان پێشدەخرێت.
بڕوانە: (القطع والظن عند الأصوليين) دانراوی: د. سەعد شەسری(٤٢/١).
(وەرگێڕ)

(١) المستدرك ، دانراوی پێشەوا حاکم(٤٠٤/٤)

ئێمەش یەکەم پرسیار ئاڕاستەی بەڵگەکە دەکەینەوە: ئایا ئەو فەرموودەیە سەحیحە؟

وەڵامەکەی: نەخێر، بەڵکوو فەرموودەیەکی لاوازە لە ڕووی سەنەدەوە، پێشەوا زەرکەشی لە پەڕتووکی (اللآلئ المنثورة في الأحاديث المشهورة)دا فەرموویەتی: «ئەم فەرموودەیە پچڕاوەی تێدایە –منقطع[1]- بە سەحیح دانانی شوێنی لێکۆڵینەوە و تێڕوانینە؛ چونکە لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ مانگای کردووە بە قوربانی بۆ خێزانەکانی[2] پێغەمبەریشﷺ بە

---

(١) فەرموودەی پچڕاو (المنقطع) بریتییە: لەو فەرموودەیەی فەرموودە گێڕەوەیەك، یان زیاتر لە زنجیرەکەیدا پچڕاوە. (وەرگێڕ)

(٢) دایکمان عائیشە ڕەزای خودای لێ بێت دەفەرمووێت: (ضَحَّىٰ رَسُولُ اللَّه * عَنْ نِسَائِه بِالْبَقَرِ.) واتە: ((پێغەمبەرﷺ مانگایەکی کردووە بە قوربانی بۆ خێزانەکانی.)) بڕوانە: سەحیحی بوخاری(٢٩٤) و (٥٥٤٨) و (٥٥٥٩)، سەحیحی موسلیم(١١١٢).

بە هەمان شێواز لە فەرموودەی پاداشتی زوو ئامادەبوون لە مزگەوت-لە ڕۆژی هەینیدا هاتووە (وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً) واتە: ((ئەوەی لە کاتی دووهەمدا ئامادەبێت پاداشتی وەك ئەو کەسەیە مانگایەکی کردووە بە خێر.)) بڕوانە: سەحیحی بوخاری(٨٨١)، سەحیحی موسلیم(٨٥٠).

پەروەردگاریش دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةٗۖ﴾ [البقرة: ٦٧] واتە: ((بێگومان خودا فەرمانتان پێ دەکات مانگایەك سەرببڕن.))

سوودێك:

یەکێك لە بنەماکانی ناسینەوەی فەرموودەی لاواز ئەوەیە پێچەوانەی

دەرد و نەخۆشی خۆی لە خودا نزیك ناکاتەوە.»[١]

پێشەوا عەجلونی لە پەرتووکی (کشف الخفاء) دا فەرموویەتی: «پێشەوا حاکم نەرمی نواندووە لە بە سەحیح دانانی ئەم فەرموودەیەدا؛ چونکە پێغەمبەرﷺ مانگایەکی کردووەبەقوربانی بۆ خێزانەکانی.»[٢]

ئەو کەسانەش لەم سەردەمەدا ئەم فەرموودەیان بە سەحیح داناوە بە هەڵەداچوون.

پرسیاری دووەم: ئایا بە شێوازێکی تەواو لە بەڵگەکە تێگەشتووە؟

ئایا ئەو بەڵگەیە چەند واتایەك هەڵدەگرێت یان تەنیا یەك واتا لەخۆ دەگرێت؟

ئەگەر چەند واتایەك هەڵدەگرێت، ئایا بە پێوەرێکی باوەڕپێکراوی دروست واتاکەی هەڵبژاردووە؟

زۆرجار گومانسازان پشت بە لێکدانەوەی نادروست دەبەستن بۆ بەڵگەکان، لایەنی هەڵەش بریتییە لە پێچەوانەکردنی زمان، یان دژبوونی لەگەڵ چوارچێوەی گشتی بەڵگەکە، یان پێچەوانەبوونی

---

فەرموودەی سەحیح، یان ئایەتێکی قورئان بکات بەشێوازێك نەسخ نەبێت، یان کۆنەکرێنەوە پێکەوە، یان یەکێکیان تەرجیح نەکرێت؛ ئەم فەرموودەیەش لەم بەشەیە. (وەرگێڕ).

(١) الآلیء المنثورة، دانراوی پێشەوا زەرکەشی (لا: ١٠٠)، چاپی یەکەم، ساغکردنەوەی: موحەممەد لوطفي صەبباغ بڵاوکراوەی: المکتب الإسلامي.

(٢) بڵاوکراوەی: إحیاء التراث.

ASTANA

لەگەڵ کۆی ئەو بەڵگانەی لەسەر ئەو بابەتە هاتوون، یان بەڵگە کە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت، بەڵام بە شێوازێکی ڕاست و دروست و بە پێوەرێکی باوەڕپێکراو واتاکەی دیاری ناکرێت.

## نموونەش لەسەر ئەمە:

بە هەڵە لێکدانەوەی وشەی(النَّبِيْذ) کە لە فەرموودەکاندا هاتووە، بە شێوازێك کە بە «مەشرووب» واتای دەکەن، پاشان فەرموودە گێڕەرەوەکان تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە بێڕێزییان کردووە بەرانبەر کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ کە دەڵێن پێغەمبەر ﷺ (النَّبِيْذ) مەشرووبی -لەسەر تێگەشتنی ئەوان- خواردووەتەوە. لەیادمە گرتە ڤیدیۆیەکم بینی کە یەکێك لە گومانسازان دژ بە هاوەڵان تانە و تەشەری دەدا لە ڕاستاڵی -عەدالەتی- یەکێك لە هاوەڵانی بەوەی گێڕدراوەتەوە (النَّبِيْذ)ی خواردوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم لێکدانەوەیە ناڕاستە؛ چونکە وشەی (النَّبِيْذ) لە ڕووی زمانەوانییەوە فراوانترە لە واتای مەشرووب، هەروەکوو لە قامووسی (لسان العرب)دا هاتووە: «لە فەرموودەکاندا چەند جارێك وشەی (النَّبِيْذ) هاتووە، کە بریتییە لە: ئاوی خورما، یان مێووژ، یان هەنگوین، یان گەنم، یان جۆ ...هتد.

دەوترێت: (نَبَذْتُ التَّمْرَ وَ العِنَبَ) واتە: خورما و ترێم کرد بە نەبیز، کاتێك بکرێنە ناو ئاوەوە و بۆماوەیەك بۆ ئەوەی ببێت بە نەبیز، دەوترێت: (اِنْتَبَذْتُهُ، اِتَّخَذْتُهُ نَبِيْذًا) واتە: کردم بە نەبیز، ئیتر ئەمەش سەرخۆشکەر بێت یاخود نا، هەر پێی دەوترێت نەبیز، بە

شەربەتی ترێ دەوترێت نەبیز هەر وەکوو چۆن بە نەبیز دەوترێت (خَمْر)[١].

[کەواتە: ئەوەی لە فەرموودەکاندا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان (النبیذ)یان خواردوەتەوە، مەبەست پێی ئەوەیە سەرخۆشکەر نییە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەکاردێت، هەروەکوو چۆن لە فەرموودەکاندا بە ڕوونی باسکراوە.][٢]

**نموونەیەکی دیکە:**

لە نموونەی پێشوو شوێنی هەڵەکە لە دەستەواژەکەدا بوو، هەڵە و چەواشەکارییەکان لە لێکدانەوەی بەڵگەکان تەنیا ئەو

---

(١) لسان العرب، دانراوی: پێشەوا ئەبو مەنظور(٥١١/٣).

(٢) لە سەحیحی موسلیم دا هاتووە(باب: إباحة النبيذ الذي لم يشتد ولم يصر مسكرا) واتە: ((خواردنەوەی (النبیذ) دروستە، مادام ئەوەندە نەمابێتەوە کە ببێتە سەرخۆشکەر)). لە فەرموودەی ئیبن عەبباسیشدا -ڕەزای خودای لێ بێت- هاتووە فەرموویەتی: ((نەبیز بۆ پێغەمبەرﷺ دروست دەکرا لە شەودا. کاتێك ڕۆژی لێ دەبوویەوە دەیخواردەوە، پاشان لە شەو و ڕۆژی دووهەمیشدا دەیخواردەوە، پاشان لە ڕۆژی سێـیەمدا تاوەکوو عەسر دەیخواردەوە. . .)) بڕوانە: سەحیحی موسلیم(٢٠٠٤). پێشەوا نەوەوی -بە ڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: (ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر دروستێتی خواردنەوەی (نەبیز)مادەم شیرینە و تامەکەی نەگۆڕاوە، ئەمەش بە کۆدەنگی زانایان، بەڵام کاتێك بووبە سەرخۆشکەر، ئەوکات خواردنەوەی حەرامە، پێویستە بڕژێندرێت)) بڕوانە:(المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج)،(وەرگێڕ).

جۆرە ناگرێتەوە، بەڵکوو چەند جۆری دیکەش لەخۆ دەگرێت وەکوو: دژبوونی لەگەڵ چوارچێوەی گشتی بەڵگەکە، بۆ نموونە کردنە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾ [الكافرون: ٦] واتە: ((ئایینی خۆتان بۆ خۆتان، و ئایینی خۆم بۆ خۆم.)) لەسەر ئەوەی دەکرێت کەسێك موسڵمان نەبێت و لەسەر حەقیش بێت! لەبەرئەوەی کەسی گومانساز ئاوا لەم بەشەی ئایەتەکە تێگەشتووە ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ ﴾ واتە: ئێوەش لە ڕوویەکەوە لەسەر حەقن کە دەستان گرتووە بە ئایینەکەتانەوە!

کێشەکە لەوەدایە کەسی گومانساز سەیری چوارچێوەی گشتی بەڵگەکەی نەکردووە بە تەواوی، خۆ ئەگەر وای بکردایە، ئەوکات بەئاسانی دەیزانی لێکدانەوەکەی چەندە هەڵەیە. ئەگەر بڕوانینە سوورەتەکە بە: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ ﴾ الكافرون: ١ دەست پێ دەکات و سوورەتەکەش ناوی (الکافرون) بێباوەڕانە!

پرسیاری سێیەم: کە ئاڕاستەی بەڵگەکە دەکرێت، بریتییە لەو پرسیارەی کەسایەتی گومانسازمان بۆ ئاشکرا دەکات، تاوەکوو چەند هاونەوایە لەگەڵ پێوەرەکانی لە کاتی بەکارهێنانی بەڵگەکان، ئایا بەڕاستی هاونەوایە یان نەخێر شپرزە و بێبار و ناجێگیرە؟

ئەو دەستەواژەیەش کە ئەمەمان بۆ ئاشکرا دەکات بریتییە لە: ئایا ئەو بەڵگەیە لەلای کەسی گومانساز بەهەند وەردەگیرێت؟ یان نەخێر، بەڵکوو پشتگیری گومانەکەی کردووە بۆیە ئەویش پشتی پێ بەستووە، دوای ئەوەی نیقاش و گفتوگۆکەی تەواوکرد

هیچ حیسابێکی بۆ ناکات؟

ئەگەر بەڵگەکەی بەهەند وەرگرت، ئەوە دەچینە هەنگاوێکی دیکە لەگەڵی.

ئەگەر نەخێر وانەبوو، ئەوە ئەوکات بێباری و شپرزەیی و ناجێگیریی بەرانبەر بە بەڵگەکان ڕوون دەکەینەوە.

**سوودێك:**

بەڵگەکان بەشێوازێکی گشتی سێ جۆرن:

١- بەڵگە ئەقڵییەکان

٢- بەڵگە ئەزموونییەکان

٣- بەڵگە خەبەرییەکان

ئەگەر کەسی گومانساز نکۆڵی جۆرێك لە بەڵگەکانی دەکرد، ئەوە مافی ئەوەی نییە بیکات بە بەڵگە؛ چونکە ئەو نکۆڵی لێ دەکات. ئەگەر وایکرد، ئەوە ئەم کارەی بە کەسێکی ئارەزووخواز و بێبار و شپرز هەژماری دەکات.

**نـمـــوونە:**

کەسێك نکۆڵی سوونەتی پێغەمبەرﷺ بکات، مافی ئەوەی نییە فەرموودە بکات بە بەڵگە لەسەر وتەکانی، لێی قبووڵ ناکرێت بچێت ئەو فەرموودەیە بکات بە بەڵگە کە پێغەمبەر ﷺ

ڕێگری کرد لە نووسینەوەی هەر شتێك جگە لە قورئانی پیرۆز[(١)]؛

(١) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ( لا تَكتُبُوا عَنِّي،مَنْ كتَبَ عَنِّي غَيرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ،حَدِّثُوا عَنِّي وَلَا حَرَجَ) واتە: ((جگە لە قورئان هیچ شتێك مەنووسن، هەر كەسێك جگە لە قورئان هەر شتێكی لە منەوە نووسیوە،، با بیسڕێتەوە، بەڵام لەمنەوە فەرموودە بگێڕنەوە.))

كاتێك لەم فەرموودەیە دەڕوانین دەبینین لە چەند لایەنێكەوە كەسی نكۆڵیكار بەهەڵەدا چووە، لەوانە:

لایەنی یەكەم: هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوان ڕێگری كردن لە نووسینەوە و بەڵگەنەبوونی فەرموودە؟ ئایا بەڵگەیەتی فەرموودە بەجێنایە تەنها بە مۆڵەتی نووسینەوەی نەبێت؟ ئەگەر ڕێگری لێ كرا، ئەوا بەڵگەیەتییەكەی پەك دەخرێت؟ بێگومان نەخێر.

بۆیە پەكخستنی بەڵگەیەتی فەرموودە بەم فەرمودەیە كە ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودە دەكات، نەبوونی پەیوەندیەكی داخوازیكار لەنێوانیاندا هەڵەیەتی ئەم بانگەشەیە ڕوون دەكاتەوە.

لایەنی دووەم: ئەو كەسەی ڕێگری كردووە لە نووسینەوەی فەرموودەكان، هەر خۆشی فەرمانی بە پاراستن و گەیاندنی كردووە، ڕێگری كردووە لە ڕەتكردنەوەی ئەو فەرموودانەی كە واتاكانیان لە قورئاندا نەهاتووە؛ هەروەك چۆن پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ( لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكتِه يَأْتِيه الْأَمْرُ مِمَّا أَمَرْتُ بِه، أَوْ نَهَيْتُ عَنْهُ فَيَقُولُ: لَا أَدْرِي، مَا وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللَّهِ اتَّبَعْنَاهُ) واتە: ((نەبینم یەكێك لە ئێوە پاڵی دابێتەوە لەسەر قەنەفەكەی، وتە و كارێكی منی بۆ بێت كە فەرمانم پێ كردووە یان ڕێگریم لێ كردووە بڵێت: نازانین [واتە: باوەڕمان پێی نییە] هەرشتێكمان لە قورئان بینی شوێنی دەكەوین -واتە: پێویستمان بە سوونەت نییە-)) سوونەنی ئەبو داود(٤٦٠٥)،سوونەنی ئیبن ماجە(١٣)

كەواتە چۆن شتانێك لە فەرموودە وەردەگرن بۆ پشتڕاستكردنەوەی

ئارەزوویان، لە بەرانبەردا ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکەن کە پێچەوانەی بیروباوەڕیانە؟!

لایەنی سێیەم: ڕێگری کردن لە نووسینەوەی فەرموودە بارانبەرە لەگەڵ چەن دەقێکی تر کە مۆڵەتی نووسینەوەی ئەدات، لەوانە: «ئەبوو شاە» یەکێکە لە هاوەڵان لە حەجی ماڵ ئاوایی داوی لە پێغەمبەرﷺ کرد بۆئەوەی ئەو وتارەی بۆ بنووسنەوە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ( اُكْتُبُوا لأَبِيْ شَاه) واتە: ((ئەم وتارە بۆ ئەبو شاە بنووسن.)) هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (ڕەزای خودای لێ بێت) فەرموویەتی: ((من هەموو شتێکم لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەنووسیەوە بۆ ئەوەی لەبەری بکەم، تا هەندێك لە باوەڕدارانی هۆزی قوڕەیش سەرزەنشتیان کردم و وتیان: ئایا هەموو ئەو شتانەی لە پێغەمبەر ﷺ دەبیستیت دەینووسیتەوە؟! خۆ لە پێغەمبەریش ﷺ مرۆڤە جاری وا هەیە لە توڕەییدا شتێك دەفەرمووێت. عەبدوڵڵا دەفەرمووێت: منیش دەستم لە نووسین هەڵگرت و چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ئەم باس و خواسەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی کرد بۆ دەمی موبارەکی و فەرمووی: ((بنووسە، سوێند بە خودا جگە لە حەق، هیچی تری لێ نایەتە دەرەوە.))

هاوەڵی بەڕێز ئەو هوڕەیرە (ڕەزای خودای لێ بێت) فەرموویەتی: ((هیچ یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەندەی من فەرموودەی لەبەر نەبوو تەنها عبدوڵڵای کوڕی عەمر نەبێت؛ چونکە عەبدوڵڵا فەرموودەکانی دەنووسییەوە، بەڵام من نەم دەنووسییەوە.))

زانایان چەند ڕێگایەکیان هەیە بۆ کۆکردنەوە و جەمعکردنی ئەو دەقانەی ڕێگری کردووە لەگەڵ ئەو دەقانەی مۆڵەتی داوە بە نووسینەوەی فەرموودەکان، لەوانە:

١ـ هەندێك لە زانایان فەرموویانە ئەو فەرموودەیەی ڕێگری دەکات نەسخ بووەتەوە بەو فەرموودانەی مۆڵەتیداوە بە نووسینەوەی فەرموودەکان؛ چونکە ئەو فەرموودانەی مۆڵەت بە نووسینەوە دەدەن، دواتر هاتوون، بۆ نموونە: فەرموودەی «ئەبو شاە» لە حەجی ماڵ ئاواییدابووە.

٢ـ هەندێکی دیکە لە زانایان ڕێگای (تەرجیح) کارکردن بە جۆرێکیان

چونکە بەڵگە دێنێتەوە بۆ نکۆڵی کردنی شتێك بە شتێك کە خۆی نکۆڵی لێ دەکات !

ASTANA

---

بەکارهێناوە، ئەمەش بە کارکردن بەو دەقانەی مۆڵەت بە نووسینەوە دەدەن؛ چونکە ژمارەیان زیاترە و بەهێزتریشن.

٣ـ هەندێکی دیکە لە زانایان فەرموویانە: مەبەست لە ڕێگریکردن لە نووسینەوەی فەرموودە بۆ هێشتنەوەی نەریتی لەبەرکردن بووە کە لەو سەردەمەدا زۆر گرنگی پێ دراوە.

ئەمە کۆمەڵێك لە ڕێگاکانی زانایانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم باسە. بڕوانە: (بەڵگەیەتی فەرموودە و هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی نکۆڵیکاران، لا : (١١٧) وەرگێڕ

## ڕێسای چوارەم

## ڕوانینە ئەو لایەنانەی کە باس نەکراوە و کاریگەری هەیە لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە یان لە سەرەنجام

دەکرێت کۆمەڵە لایەنێك هەبێت کە گومانساز باسی نەکردووە -جا بە ئەنقەست بێت یان بە نەزانین- و کاریگەری هەبێت لەسەر بەڵگەکە، و باسکردنی شوێنەواری ڕاستەوخۆ جێ بهێڵێت لەسەر بابەتەکە و شێوازی گفتوگۆکەش، هەر بۆیە زۆر گرنگە کاتێك بمانەوێت وتەیەك یان بیرۆکەیەك پووچەڵ بکەینەوە ئاگاداری ئەو لایەنانە بین کە پشتگوێ خراوە.

**نـمـــوونە:**

کەسێك دەڵێت: هەبوونی شەڕ و نەهامەتییەکان بەڵگەیە لەسەر نەبوونی خودا!

سەرەتا پێی دەڵێین: تۆ کۆمەڵە لایەنێکی زۆر گرنگت پشتگوێ خستووە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لەوانە:

- باسکردنی ژیانی دونیا لە ڕوانگەی ئایینەوە، کە دونیا شوێنی تاقیکردنەوە و موسیبەت و کارەسات و لێقەومانە، شوێنی مانەوەی یەکجارەکی نییە.

- پشتگوێ خستنی پرسیارکردن دەربارەی خێر و خۆشییەکان، کە پرسیارێکی زۆر پڕ بەهایە: سەرچاوەی ئەو خێر ویستییە چییە لە مرۆڤەکاندا و چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟

- پشتگوێ خستنی سەرچاوەکانی شەڕ، زۆربەی هەرە زۆری ئەو شەڕ و موسیبەتانەی مرۆڤەکان پێی نیگەرانن، هەر بەهۆی خۆیانەوەیە بە خواست و هەڵبژاردنی خۆیان هاتووەتە کایەوە. ئەمەش پەیوەستە بە بابەتی خواستی ئازاد (الإرادة الحرة) کە بە مرۆڤەکان بەخشراوە و بەهۆیەوە تەکالیفی شەرعییان لەسەر پێویست بووە.

چەند لایەنێکی دیکە هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گومانە کە دواتر لە نموونەکاندا باسی دەکەین ـبە ویستی خودا- مەبەستی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە بەئاگابوون لەو لایەنانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر تێگەشتنی تێر و تەواو لە بابەتەکە.

### نموونەیەکی دیکە:

کەسێك دەڵێت: خودا بوونی نییە؛ چونکە من زۆر پاڕامەوە، کەچی وەڵامی نەبوو!

ئێمەش پێی دەڵێین: چەند لایەنێك هەیە کە پشتگوێ خراوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە. لەوانە:

- خەڵکانێکی زۆر هەن کە خودا وەڵامی پاڕانەوەکانی داونەتەوە.

- پاڕانەوە کۆمەڵێك مەرجی هەیە.

- هەندێك لە پاڕانەوەکان سنوور بەزاندنی تێدایە.

- هەندێك لەو داواکاریانەی بەدوایدا وێڵین، بەدەستهێنانی نابێتە هۆی خێر و خۆشی بۆمان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی ناڕەحەتی و بارگرانی.

- وەڵامدانەوە بەندە بە پەلەنەکردنەوە.

- جگە لەوانەش

## ڕێسای پێنجەم

## پووچەڵکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بەهۆی جێبەجێکردنی بنەمای پەیوەندی

پێشتر پێناسەی بەڵگە هێنانەوەمان کرد کە بریتی بوو لەو کردارەی بەهۆیەوە دەتوانرێت بەڵگە بگەیەنرێتە سەرەنجام.

گرنگترین پێکهاتە لە بەڵگە هێنانەوەدا بریتییە لە پەیوەندی نێوان بەڵگە و سەرەنجام، کە پێی دەوترێت (التَّلاَزُم)، (التَّلاَزُم) یش بریتییە لە: پەیوەستبوونی شتێك بە شتێکی دیکەوە بە شێوازێك لێی جیانەبێتەوە. واتە: ئەو بەڵگەیە بەڕاشکاوی ئەو سەرەنجامە بدات بەدەستەوە.

کاتێك لە حەقیقەتی گومانسازان و چەواشەکاران دەڕوانین، دەبینین زۆرجار پشت بە کۆمەڵە بەڵگەیەك دەبەستن ئەو سەرەنجامە نادات بەدەستەوە کە ئەوان دەیانەوێت. واتە: دەبینین هیچ پەیوەندیەك نییە لە نێوان ئەو بەڵگەیەی ئەوان پشتیان پێ بەستووە لەگەڵ ئەو سەرەنجامەی کە بانگەشەی دەدەن، کەچی گومانساز و چەواشەکار بەسەر بەڵگەدا باز دەدەن بۆ لای سەرەنجام بەبێ لێ وردبوونەوە و پشکنین، ئایا ئەو بەڵگەیە ئەو سەرەنجامە دەخوازێت یاخود نا؟

ASTANA

**نموونە:**

**کەسی بێباوەڕ دەڵێت: خودا بوونی نییە؛ چونکە ئێمە نایبینین !**

**ئەم وتەیە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی پەیوەندی لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام؛ چونکە نەبینینی هەر شتێك بەڵگە نییە لەسەر نەبوونی، هەبوون بابەتێکە، بینین بابەتێکی دیکە، کەسی بێباوەڕ باوەڕی بە ئەلیکترۆن هەیە، کەچی نەشی بینیوە، بەڵکوو کەس نەیبینیوە تاوەکوو ئێستا، کەچی نەبینینەکەی بەڵگە نییە لەسەر نەبوونی.**

ASTANA

## ڕێسای شەشەم

## بەرهەڵستی کردنی سەرەنجام بە سەرەنجامێکی بەهێزتر

یەکێك لە ڕێسا ڕەخنەییە زۆر بەنرخەکان بریتییە لە: بەرهەڵستی کردنی سەرەنجامە هەڵەکان بە سەرەنجامی ڕاست و دروستی بەهێزتر. ئەم ڕێسایەش لەسەر یەکێك لە بنەما ئەقڵییەکان بونیاد نراوە ئەویش: (النَّقِیْضَانِ لا یَجْتَمِعَانِ) واتە: دژەکان لەگەڵ یەك کۆنابنەوە. دژەکان وەکوو: بوون و نەبوون، ناکرێت شتێك لە یەك کاتدا هەبێت و نەشبێت؛ چونکە هەبوون دژی نەبوونە، دژەکان لەگەڵ یەك کۆنابنەوە، کاتێك یەکێك لە دوو دژ سەلمێنرا ئەوە ڕاستەوخۆ بەڵگەیە لەسەر نەبوونی ئەوەی دیکەیان.

کاتێك بینیت کەسێك دەیەوێت بگات بەم سەرەنجامە: «خودا بوونی نییە»، یان «ئیسلام ئایینێکی ناڕاستە»، ئەگەر بێتوو تۆ نەشتوانی بەرهەڵستی ئەو وتەیە بکەیت، جا لەبەر کەمی عیلم و زانست بێت، یان وەڵامەکەت لەبیرچووەتەوە، یان هەر هۆکارێکی دیکە، ئەوە بەسە کە بەرهەڵەستی سەرەنجامەکە بکەیت بە سەرەنجامێکی بەهێزتر و حاشاهەڵنەگر.

کاتێك بە بەڵگەی قەطعی و حاشاهەڵنەگر سەلماندت کە «خودا بوونی هەیە»، ئەوە ئیتر بەسە بۆ وەڵامی هەر شتێك کە

ASTANA

سەرەنجامەکەی بریتییبێت لەوەی «خودا بوونی نییە»، چونکە دژەکان لەگەڵ یەك کۆنابنەوە.

ئەم بابەتە زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، ئەگەر بە جوانی لێی تێنەگەشتوویت ئەوە چەند جارێکی دیکە بیخوێنەوە هەتاوەکوو بەتەواوی لێی تێدەگەیت.

لە نموونە کرداریەکاندا زیاتر ڕوونکردنەوە دێتە بەردەستت -بە ویستی خودا-.

ASTANA

# نموونە کردارییەکان

## نموونە کردارییەکان

نموونە کردارییەکان لەسەر ڕێساکانی بیری ڕەخنەیی و پرسیارە ڕەخنەئامێزەکان

دوای باسکردنی ڕێسا ڕەخنەییەکان و ڕوونکردنەوەیان بە درێژی، لێرەدا هەندێکی دیکە لە وتە هەڵەکان باس دەکەم لەگەڵ پووچەڵ کردنەوەیان بە ڕێسا ڕەخنەییەکان؛ هەتاوەکوو زیاتر دڵنیاببینەوە لە بایەخ و بەهای ئەو ڕێسایانە، بەروبوومەکەشی بە چاوی خۆمان ببینین.

لە کاتی پووچەڵکردنەوەی ئەم وتانەدا لەسەر ئەو ڕێگایە دەچین کە لە ڕێسای دووەمدا ئاماژەمان پێ کرد، ئەویش ڕێسای دابەشکردنی وتەکە بۆ سێ بەش: «بەڵگە، بەڵگە هێنانەوە، سەرەنجام»، پاشان ئەو پرسیارانەیان ئاراستە دەکەین کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

ASTANA

**نموونەی یەکەم:** مسوڵمانان بەزیوون و لە دواوەن لە ڕووی دونیاوە، کەواتە ئایینەکەیان ڕاست نییە!

| بەڵگە | بەڵگە هێنانەوە | سەرەنجام |
| --- | --- | --- |
| مسوڵمانان بەزیون و لە دواوەن لە ڕووی دونیاوە | پێویستە ئایینی ڕاست هەمیشە لە پێشەنگدابێت لە ڕووی دونیاوە | ئیسلام ئایینێکی ناڕاستە |

| | | |
|---|---|---|
| • ئایا بەڵگەکە ڕاست و دروستە؟<br>وەڵام: بەڵێ. | • ئایا هیچ پەیوەندیەك هەیە لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام؟<br>وەڵام: نەخێر؛ چونکە سەرکەوتن و پێشەنگبوون کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، تەنیا کورت هەڵنەهاتووە لە ڕاستێتی ئاییندا، هەروەکوو چۆن دۆڕان و دواکەووتن کۆمەڵێك هۆکاری هەیە و کورت هەڵنەهاتووە لە ناڕاستێتی ئاییندا.<br>• ئایا لایەنی دیکەی هەیە کە گومانساز باسی نەکردبێت و کاریگەری هەبێت لەسەر تێگەشتن لە بەڵگەکە؟<br>وەڵام: بەڵێ، ئەویش دوو لایەنە:<br>- چەندین بیروباوەڕ و ئایینی دیکەش بەزیون و لە دواوەن لە ڕووی دونیاوە.<br>- لە سەردەمانی پێشوودا ئیسلام سەرکەوتوو و پێشەنگ و فەرمانڕەوا بوو، ئایا گومانساز ئەمە دەکاتە بەڵگە بۆ ڕاستێتی ئیسلام؟ | • ئایا سەرەنجامێکی بەهێزتر و حاشاهەڵنەگر هەیە پێچەوانەی ئەم سەرەنجامە بکات؟<br>وەڵام: بەڵێ، دەیەها و سەدەها بەڵگەی قەطعی ئەقڵی و نەقڵیمان هەیە کە گوزارشت لە ڕاستی و دروستی ئایینی ئیسلام دەکەن، دەکرێت بڕواندرێتە ئەو پەڕتووکانەی لەم بوارەدا نووسراون، وەکوو: پەڕتووکی (براهين النبوة) دانراوی د. سامی عامری.<br>• ئایا ئەگەری دیکە هەن کە دەکرێت لە بەڵگەکەوە وەربگیرێت جگە لەو ئەگەرەی گومانساز باسی کرد؟<br>وەڵام: بەڵێ، ئەوانیش:<br>١- بەزیوی و دواکەوتن دەکرێت بەهۆی کەمتەرخەمی دۆڕاوەوە بێت؛ لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتنی نەگرتوەتەبەر.<br>٢- دەکرێت دۆڕان و دواکەووتن هەندێکجار مەبەست پێی تاقیکردنەوە بێت نەکوو بەڵگە بێت لەسەر تووڕەبوونی خودا.<br>- هەموو گەل و نەتەوە و ئایینێك تێپەڕ دەبێت بە سەردەمانێکدا کە پێشکەوتوو و پێشەنگە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هۆکارەکانی سەرکەوتنەوەیە، هیچ بەڵگە نییە لەسەر ڕاستێتی، یان ناڕاستی ئەو باوەڕ و ئایینە.<br>٣- هەموو نەتەوەیەك بە چاوپۆشی لە باوەڕ و ئایینیان بە قۆناغی سەرکەوتن و پێشەنگی تێدەپەڕن هەروەکوو چۆن بە قۆناغی بەزیوی و دواکەوتندا تێدەپەڕن، ئەمەش بەپێی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پێشەنگی و سەرکەووتن، یان پشتگوێ خستنیان، پێشکەووتن، یان دواکەوتن بەڵگە نییە لەسەر ڕاستی، یان ناڕاستی. |

ASTANA

**نموونەی دووەم:** شەڕ و موسیبەتەکان بوونیان هەیە. خۆ ئەگەر خودا بوونی هەبووایە، ڕێگری لێ دەکرد، کەواتە خودا بوونی نییە!

| بەڵگە | بەڵگە هێنانەوە | سەرەنجام |
| --- | --- | --- |
| بوونی شەڕ و موسیبەتەکان | هەبوونی خودا پێویستکاری ڕێگرییە لە شەڕ و موسیبەتەکان | خودا بوونی نییە |

ASTANA

| | | |
|---|---|---|
| • ئایا بەڵگەکەی ڕاستە؟<br>وەڵام: بەڵێ. | • ئایا هیچ پەیوەندیەك هەیە لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام؟<br>وەڵام: نەخێر؛ چونکە هەبوونی شەڕ و موسیبەتەکان، دەکرێت پەیوەست بکرێت بە واتای تاقیکردنەوە و ئیبتیلاوە، ئەوەش پەیوەستە بە سیفاتی خودای باڵادەستەوە نەوەك بوونی خودا، واتە: پەیوەستی حیکمەت و دانایی و هێز و شکۆداری و ...هتد.<br>• ئایا لایەنی دیکەی هەیە کە گومانساز باسی نەکردبێت و کاریگەری هەبێت لەسەر تێگەشتن لە بەڵگەکە؟<br>وەڵام: بەڵێ، هەبوونی خێر و خۆشی و کامەرانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەم بابەتە، بۆیە ئەم پرسیارەی ئاڕاستە دەکەین: سەرچاوەی ئەو خێرویستییە چییە لە مرۆڤەکاندا و چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟<br>- پشتگوێخستنی سەرچاوەکانی شەڕ و نەهامەتییەکان، زۆربەی هەرە زۆری ئەو شەڕ و موسیبەتانە کە مرۆڤەکان پێی نیگەرانن، هەر بەهۆی خۆیانەوەیە، بە خواست و هەڵبژاردنی خۆیان هاتووەتە کایەوە، ئەمەش پەیوەستە بە بابەتی ویستی ئازاد(الإرادة الحرة) کە بە مرۆڤەکان بەخشراوە.<br>- باسکردنی ژیانی دونیا لە ڕوانگەی ئایینەوە، کە دونیا شوێنی تاقیکردنەوە و موسیبەت و کارەسات و لێقەومانە، شوێنی مانەوەی یەکجاریی نییە.<br>- ئەگەر بوونی شەڕ و نەهامەتییەکان بەڵگە بێت لەسەر نەبوونی خودا، ئەوە دەبێت لە بەرانبەردا بوونی کامەرانی و خێر و خۆشییەکان بەڵگەبێت لەسەر بوونی خودا، لە کاتێکدا هەمووان دەزانن خێر و خۆشییەکان زۆر زیاترن لە شەڕ و موسیبەتەکان، کەواتە دەبێت هەردوو لایەنەکە بەهەند وەربگیرێت. | • ئایا سەرەنجامێکی بەهێزتر و حاشاهەڵنەگر هەیە پێچەوانەی ئەم سەرەنجامە بکات؟<br>وەڵام: بەڵێ، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی قەطعی حاشاهەڵنەگر هەیە لەسەر بوونی خودا، هەر بۆیە ئەو وتەیە پووچەڵ دەبێتەوە کە دەڵێت: خودا بوونی نییە؛ (چونکە دژەکان لەگەڵ یەك کۆنابنەوە).<br>بۆ زیاتر شارەزابوون دەکرێت بڕواندرێتە پەرتووکی (شموع النهار) دانراوی: عبداللّٰه العجيري و (براهين وجود اللّٰه) دانراوی: د. سامی عامری.<br>• ئایا ئەگەری دیکە هەن کە دەکرێت لە بەڵگەکەوە وەربگیرێت جگە لەو ئەگەرەی گومانساز باسی کرد؟<br>وەڵام: بەڵێ، لە حیکمەتی هەبوونی شەڕ و نەهامەتییەکان بریتییە لە: بەرزکردنەوەی پلە و مەکانەتی باوەڕدار، سزادانی هەندێك خەڵکانی زاڵم و ملهوڕ، ناتەواوی و کامل نەبوونی دونیا و...هتد. |

**نموونەی سێیەم:** **فەرمان بە ئافرەتان کراوە حیجاب بپۆشن، بەڵام فەرمان بە پیاوان نەکراوە حیجاب بپۆشن! خۆ ئەگەر ئیسلام دادپەروەر و عادل بووایە دەبوو یەکسانی پەیڕەو بکردایە، مادام یەکسانی پەیڕەو نەکردووە، کەواتە ئیسلام ئایینێکی نادادپەروەر و ستەمکارە!**

| بەڵگە | بەڵگە هێنانەوە | سەرەنجام |
| --- | --- | --- |
| فەرمان بە ئافرەتان کراوە حیجاب بپۆشن، بەڵام فەرمان بە پیاوان نەکراوە. | فەرمان کردن بە ئافرەتان تا حیجاب بپۆشن، بەڵام بە پیاوان نەکردن، زوڵم و ستەمە. | ئیسلام ستەمی لە ئافرەت کردووە. |

| | | |
|---|---|---|
| • ئایا بەڵگەکە ڕاستە؟<br>وەڵام: بەڵێ. | • ئایا هیچ پەیوەندیەك هەیە لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام؟<br>وەڵام: نەخێر، هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نییە؛ چونکە عەدالەت و دادپەروەریی واتای یەکسانی نییە. لە نێوان دادپەروەری و یەکسانی جیاوازی زۆر هەیە؛ چونکە دادپەروەری بریتییە لە دانانی هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا کە شایستەیەتی، بەڵام یەکسانی هەندێك جار دەبێتە هۆی زوڵم و ستەم کاتێك شایستە و ناشایستە وەکوو یەك تەماشا بکرێت.<br>• ئایا لایەنی دیکەی هەیە کە گومانساز باسی نەکردبێت و کاریگەری هەبێت لەسەر تێگەشتن لە بەڵگەکە؟<br>وەڵام: بەڵێ، کۆمەڵە لایەنێکی زۆری دیکە هەیە، لەوانە:<br>- ئەو دەقە شەرعیانەی کە تەکلیف و واجیباتی تێدایە لەسەر پیاوان، بەڵام لەسەر ئافرەتان نییە.<br>- ئەو دەقە شەرعییانەی کە ڕێز و مەکانەتی تایبەتی بە ئافرەتان بەخشیوە. | • ئایا سەرەنجامێکی بەهێزتر و حاشاهەڵنەگر هەیە پێچەوانەی ئەم سەرەنجامە بکات؟<br>وەڵام: بەڵێ، ڕێز و مەکانەتی ئافرەت لە چەندین دەقی قەطعی حاشاهەڵنەگردا باسکراوە، [کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەم سەرەنجامەدا] خۆ ئەگەر فەرمانکردن بە لایەنێك زوڵم و ستەم بێت، ئەوە ئیسلام زۆر ستەمی لە پیاوان کردووە؛ چونکە چەندین فەرمان و واجیباتی لەسەر شان پێویستکردوون، وەکوو: «جیهاد و تێکۆشان و جومعە و پێژین و...هتد»، کەواتە فەرمانکردن بە لایەنێك واتای ستەم نادات، بەڵکوو واتای تایبەتمەندی دەدات بەدەستەوە.<br>• ئایا ئەگەری دیکە هەن کە دەکرێت لە بەڵگەکەوە وەربگیرێت جگە لەو ئەگەرەی گومانساز باسی کرد؟<br>وەڵام: بەڵێ، لەوانە: فەرمانکردن بە ئافرەتان هاوتا و لەبارە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی، هەروەکوو چۆن فەرمانکردن بە پیاوان هاوتا و گونجاوە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی. هەمووان دەزانن ئافرەتان زیاتر هەست بزوێن و ڕاکێشەرە، هەر بۆیە زیاتر پێویستی بە خۆپارێزی و خۆداپۆشین هەیە، تاوەکوو ڕێگا بگرێت لە گورگەکان.<br>- جگە لەمانەش. |

**نموونەی چوارەم:** زۆربەی زانایانی بواری فیزیا بێباوەڕن، کەواتە بێباوەڕی ڕاست و دروستە!

| بەڵگە | بەڵگەهێناوە | سەرەنجام |
|---|---|---|
| زۆربەی زانایانی بواری فیزیا بێباوەڕن. | ئەوەی زۆربەی زانایانی بواری فیزیا باوەڕیان پێیەتی ڕاست و دروستە؛ چونکە ئەوان خەڵکانێکی زانا و لێهاتوو زرنگن. | بێباوەڕی ڕاست و دروستە. |

ASTANA

| | | |
|---|---|---|
| • ئایا بەڵگەکە ڕاستە؟<br>وەڵام: نەخێر.<br>ئەم وتەیە پێویستی بە سەرژمێری گشتی و زانستی هەیە. | • ئایا هیچ پەیوەندیەك هەیە لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام؟<br>وەڵام: نەخێر؛ چونکە زۆرێتی بەڵگە نییە لەسەر ڕاستی و دروستی، هەروەها باوەڕی ئایینی زانایانی بواری فیزیا سەرچاوەی لە فیزیاوە نەگرتووە، بەڵکوو سەرچاوەی لە کۆمەڵێك پاڵنەری دیکەوە گرتووە.<br>• ئایا لایەنی دیکەی هەیە کە گومانساز باسی نەکردبێت و کاریگەری هەبێت لەسەر تێگەشتن لە بەڵگەکە؟<br>وەڵام: بەڵێ، کۆمەڵە لایەنێکی زۆری دیکە هەیە، لەوانە:<br>- زۆرێك لە زانایانی بواری فیزیا باوەڕیان بە بوونی خودا هەیە.<br>- پێش سەدەی نۆزدە زۆربەی هەرە زۆری زانایانی بواری فیزیا باوەڕداربوون بە بوونی خودا، لەوانەش «نیوتن».<br>- زۆرێك لە زانا هەرە بەناوبانگەکانی فیزیا بێباوەڕ نەبوون وەکوو: «ئەنیشتاین».<br>- هیچ کاتێك زانستی فیزیا پشتڕاستکەرەوەی بیری بێباوەڕی نییە، بەڵگەیەك نییە لەو زانستەدا لەسەر ڕاستی و دروستی بێباوەڕی. | • ئایا سەرەنجامێکی بەهێزتر و حاشاهەڵنەگر هەیە پێچەوانەی ئەم سەرەنجامە بکات؟<br>وەڵام: بەڵێ، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی قەطعی حاشاهەڵنەگر هەیە لەسەر بوونی خودا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پووچی بێباوەی؛(چونکە دژەکان لەگەڵ یەك کۆنابنەوە.)<br>• ئایا ئەگەری دیکە هەن کە دەکرێت لە بەڵگەکەوە وەربگیرێت جگە لەو ئەگەرەی گومانساز باسی کرد؟<br>وەڵام: بەڵێ، دەکرێت پاڵنەری وەرگرتنی بیری بێباوەڕی لەلای زۆرێك لەو زانایانە بریتی بێت لە ئەو زانستگەراییەی کە زۆر بەربڵاوە لە ئەورووپا. زانستگەرای: ڕێبازێکە زۆر زیادەڕۆی لە زانستی ئەزموونی دەکات، هەتاوەکوو وای لێهاتووە سەرچاوەکانی دیکەی بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە ڕەتدەکەنەوە. |

# راهێنـــــان

## ڕاهێنان لەسەر ڕێسا ڕەخنەییەکان

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

**ڕاهێنانی یەکەم:** گومانساز دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە وەرەقەی کوڕی نەوفەلەوە فێری قورئان بووە، چونکە لە سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا چاوی پێی کەوتووە، وەرەقەش کەسێکی زانا و شارەزابووە دەربارەی تەورات و ئینجیل.

**یەکەم: جۆری ئەو بەڵگەیە چییە گومانساز پشتی پێبەستووە؟**

- خەبەری
- ئەقلی
- ئەزموونی

**دووەم: چەواشەکارییەکە لە چ شوێنێکی گومانەکەدایە؟**

- لایەنی دیکە هەن کە کاریگەری لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە هەیە و کەسی گومانساز باسی نەکردووە.

- پەیوەندی لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام نییە.

- ئەو بەڵگەیەی گومانساز باسی کردووە هیچ پەیوەندی بە فێربوونەوە نییە، بۆیە بوون و نەبوونی وەکوو یەکە، هەر بۆیە وتەکەی بە بانگەشەیەکی بێبەڵگە هەژمار دەکرێت.

ASTANA

- بەڵگەی قەطعی و حاشاهەڵنەگر هەیە کە پێچەوانەی ئەم سەرەنجامە دەکات.

- هەموو خاڵەکانی سەرەوە.

**سێیەم:** شێوازی چەواشەکارییە کە لەم گومانەدا باس بکە، بە پشت بەستن بە وەڵامی خاڵی دووەم، -بۆ نموونە- ئەگەر ئەم خاڵەیانت هەڵبژارد (لایەنی دیکە هەن کە کاریگەری لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە هەیە و کەسی گومانساز باسی نەکردووە) ئەوە ئەو لایەنانە باس بکە.

**ڕاهێنانی دووەم:** کاتێك گومانساز دەڵێت: عالەمانییەت بەسوودترە لە ئایین، چونکە ئایین هۆکاری شەڕ و کوشتار و نەهامەتییەکانە، بەڵام عالەمانییەت بێلایەنە و دەبێتە هۆی ڕەزامەندی هەمووان، بەڵگەش بریتییە لە واقیع، ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین ئەو وڵاتانەی عالەمانییەت پەیڕەو دەکەن لە چ خۆشی و کامەرانی و ئارامییەکدان. لە بەرانبەردا وڵاتانی موسڵمان لەناو گێژاوی شەڕ و پێکدادان و نەهامەتیدا نوقم بوون.

**یەکەم: جۆری ئەو بەڵگەیە چییە کە گومانساز پشتی پێبەستووە؟**

- خەبەری
- ئەقڵی
- ئەزموونی

ASTANA

**دووەم: چەواشەکارییەکە لە چ شوێنێکی گومانەکەدایە؟**

- پشتی بە بەڵگەیەکی ناڕاست بەستووە.

- لایەنی دیکە هەن کە کاریگەری لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە هەیە و کەسی گومانساز باسی نەکردووە.

- پەیوەندی لە نێوان بەڵگە و سەرەنجام نییە.

- سەرجەم وەڵامەکانی پێشوو.

**سێیەم: شێوازی چەواشەکارییەکە لەم گومانەدا باس بکە، بە پشت بەستن وەڵامی خاڵی دووەم.**

**وەڵامی ڕاستی ڕاهێنانەکان**

**ڕاهێنانی یەکەم:**

- جۆری بەڵگە: خەبەری.

- جۆری ناسەنگی و چەواشەکارییەکە: هەموو وەڵامەکانی سەرەوە.

**ڕاهێنانی دووەم:**

- جۆری بەڵگە: ئەزموونی.

- جۆری ناسەنگی و چەواشەکارییەکە: هەموو وەڵامەکانی سەرەوە.

ASTANA

# چەواشەکارییە لۆژیکییەکان

## چەواشەکارییە لۆژیکییەکان

دوای ڕوونبوونەوەی ڕێسا ڕەخنەییەکان، زۆر بەسوودە بڕوانینە هەندێك لەو پەڕتووکانەی لە بواری چەواشەکارییە لۆژیکییەکان نووسراون. ئەوەش بوارێکە گرنگی بە شێواز و چۆنیەتی هەڵە و چەواشەکارییەکان دەدات لە کاتی بیرکردنەوە و بەڵگە هێنانەوە و گفتوگۆکردندا، لەگەڵ دانانی ناونیشانی گونجاو کە گوزارشت لە خودی هەر یەکێك لەو چەواشەکاریانە دەکات.

لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوە لەم بوارەدا سوود بەخشە، بەڵام من پێم باش نییە زۆر زێدەڕۆی تێدا بکرێت؛ چونکە لە ڕاستیدا توانایەکی گونجاو و شایستە بە خوێنەر نابەخشێت لەسەر ئاشکراکردنی بنەما و بنچینەی هەڵە و چەواشەکارییەکان، ڕێسای ڕەخنەیی زانستی پێ نادات لەسەر شوبهە و گومان، بەڵکوو کۆمەڵە تێبینییەکی گشتییە و ئاگابوون لێیان بەسوودە.

بەڵام ڕێسا ڕەخنەییەکان کە لەم پەڕتووکە و پەڕتووکەکانی دیکەشدا باسکراوەن لە پێشترن بۆئەوەی زیاتر بایەخیان پێ بدرێت، چونکە جەخت لە بنچینە و کرۆکی هەڵە و فڕوفێڵ و چەواشەکاریان دەکەنەوە

ASTANA

کاتێك دەڕوانینە ئەو پەڕتووکانەی لە بواری چەواشەکارییە لۆژیکییەکان نووسراون بۆ ئەوەی گرنگترین چەواشەکاری هەڵبژێرین، ئەوە دەکرێت جەخت لەم چەواشەکاریانە بکەینەوە، ئەوانیش:

١- مغالطة رجل القش: چەواشەکاری داهۆڵەکە

٢- مغالطة الشخصنة: چەواشەکاری بە شەخسی کردنی گفتوگۆ

٣- مغالطة الرنجة الحمراء: چەواشەکاری ماسییە سوورەکە

٤- مغالطة المنحدر الزلق: چەواشەکاری لێژی خزێنەر

٥- مغالطة الاحتكام إلى الشيوع: چەواشەکاری داوەریکردن بۆ لای ئەوەی کە بەربڵاوە

٦- مغالطة تجاهل المطلوب: چەواشەکاری پشتگوێ خستنی داواکراو

٧- مغالطة الاحتكام إلى المجهول: چەواشەکاری داوەریکردن بۆ لای نادیار

٨- مغالطة المصادرة على المطلوب: چەواشەکاری دەستگرتن بەسەر داخوازیکراو

## چەواشەکاری یەکەم:

## (مغالطة رجل القش) چەواشەکاری داهۆڵەکە

لەم جۆرەی چەواشەکاریەدا، چەواشەکار هەڵدەستێت بە وێناکردنی وتەی کەسی بەرانبەر لەسەر شێوازێکی شێوێنراو، پاشان دەست دەکات بە وەلامدانەوە ناشرینکردنی وێنە شێوێنراوەکە کە خۆی دروستی کردووە و وا نیشانی دەدات کە گوایە ئەوە وتەی کەسی بەرانبەرە، ئەم کارەش بە داهۆڵەوە دەچوێنێت لەو ڕووەوە دروستکراوە لەسەر وێنەی پیاوێك لەناو کێڵگە و شوێنی کشتوکاڵ دادەنرێت بۆ ترساندنی باڵندە و ئاژەڵان.

**نموونە:**

گومانساز دەڵێت: ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە پێشەوا بوخاری مەعصوم و پارێزراوە لە هەڵە، پاشان دەست دەکات بە بەرپەرچدانەوە و بەرهەڵستی ئەوەی جگە لە پێغەمبەران مەعصوم بێت (لەم ڕێگەیەوە ئەهلی سوننە ناشرین دەکات لە بەرچاوی جەماوەر)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خۆی ئەم وتەیەی داهێنا و پاشان دەستی کرد بە وەڵامدانەوە و بەرهەڵستی کردنی.

**[نموونەیەکی دیکە:]**

چەواشەکار دەڵێت: ئیسلام ئایینێکی بتپەرەستییە؛ چونکە مسوڵمانان کەعبە و بەردە ڕەشەکە دەپەرەستن!

پاشان دەست دەکات بە ناشرینکردنی مسوڵمان؛ لەبەرئەوەی گوایە بتپەرەستن!

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کەعبە، یان بەردە ڕەشەکە، یان هەر شتێکی دیکە، جگە لە خودا بپەرەستێت، ئەوە بە مسوڵمان هەژمار ناکرێت، ئیتر لە کوێ ڕەوایە مسوڵمانان بەو هۆیەوە ناشرین بکرێن.

## چەواشەکاری دووەم: (مغالطة الشخصنة)
## چەواشەکاری بە شەخسی کردنی گفتوگۆ

وێنەی ئەم چەواشەکارییە بریتییە لەوەی کەسی چەواشەکار ناتوانێت وەڵامی بەڵگە و بورهانی کەسی بەرانبەر بداتەوە، ناچار دەست دەکات بە شکاندن و لەکەدارکردنی لە ڕێگەی باسکردنی کەموکوڕی و بابەتی شەخسی و سووکایەتی کردن بە ڕابردووی.

**نموونە:**

وتەی فیرعەون بەرانبەر بە پێغەمبەر موسا کاتێك -موسا- بانگەوازی کرد بۆ ڕێگای خوداناسی، فیرعەون پێی وت: ﴿ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾ وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ ٱلَّتِي فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ [الشعراء: ١٨ – ١٩] واتە: ((ئەمە پاداشتی پیاوەتییە! ئایا ئێمە بە منداڵی بەخێومان نەکردیت؟ چەندەها ساڵی تەمەنت لەناوماندا نەبردە سەر؟

ئەوەشت کرد کە کردت -مەبەست کوشتنی کابرا قبتییەکەیە- دیارە کە تۆ لە ڕیزی ئەو کەسانەدایت کە ناشکورن و پاداشتی پیاوەتی نازانن.))

**[نموونەیەکی دیکە:]**

کاتێك بەنی ئیسرائیل بە پێغەمبەرەکەی خۆیان وت: ڕابەر و فەرماندەیەکمان بۆ دیاری بکە بۆ ئەوەی لە ژێر فەرمانی ئەودا نەخشە و پلانی جەنگ داڕێژین و لەپێناو خودا بجەنگین. پەیامبەرەکە فەرمووی: باشە! ئەگەر بڕیاری جەنگتان بۆ درا لەوانەیە جەنگ نەکەن و پەشیمان ببنەوە. لە وەڵامدا وتیان: چیمانە کە لەپێناوی خوادا نەجەنگین؟ ئینجا پێغەمبەرەکەیان بە وانەی وت کە ئامادەی جەنگ بوون ئەوە خودا بڕیاریداوە «تالوت» ـکە سەربازێکە و لە بنەماڵەی پاشاکان نییەـ ڕابەر و سەرکردەتان بێت، کەچی هەندێکیان وتیان: جا کوا ئەو شایانی ئەم پاشایەتییەیە لەسەر ئێمە؟! واتە: لە بنەماڵەی سەرکردە و پاشاکان نییە. ﴿وَنَحۡنُ أَحَقُّ بِٱلۡمُلۡكِ﴾ البقرة: ٢٤٧ [ئێمە خۆمان لەو زۆر بە شیاوتر دەزانین بۆ سەرکردایەتی و فەرماندەیی ﴿وَلَمۡ يُؤۡتَ سَعَةٗ مِّنَ ٱلۡمَالِۚ﴾ البقرة: ٢٤٧]

جگە لەوەیش ماڵ و سامانێکی وایشی پێ نەدراوە، دیارە پاشا و فەرماندەش بە لای ئەوانەوە دەبێت سەروەتمەند بێت. پێغەمبەرەکە لە وەڵامیاندا فەرمووی: بەڕاستی خودا «تالوت»ی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە بەسەرتاندا و زانست و زانیاری زۆر و لاشەیەکی بەهێز و گەورەشی داوەتێ، خوای باڵادەستیش پاشایەتی دەبەخشێت بە هەر کەس کە بیەوێت و شایستە بێت، خودا بەخششی فراوان و بەربڵاوە، لە هەموو شتێك بە ئاگایە، دەزانێت کێ شیاوی بەخشینی موڵك و دەسەڵاتە.

## چەواشەکاری سێیەم: (مغالطة الرنجة الحمراء)
## چەواشەکاری ماسییە سوورەکە

وێنەی ئەم چەواشەکارییە بریتییە لەوەی کەسی چەواشەکار هەڵدەستێت بە لاڕێدابردن و تێکدانی گفتوگۆکە لە ڕێگەی خۆ ئاڵان بە کۆمەڵە بابەتێکەوە کە هیچ پەیوەندییان بە کرۆك و ناوەڕۆکی گفتوگۆکەوە نییە، مەبەستی لەم کارە ئەوەیە لە ناوەڕۆکی باسەکە ڕابکات و کاتەکە بەفیڕۆ بدات و گفتوگۆیەکی بابەتیانە ئەنجام نەدات.

ئەم جۆرەی چەواشەکارییە ناوی لێنراوە «چەواشەکاری ماسییە سوورەکە»، چونکە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا دزیکردنی بێشوماری تێدا بڵاوبووبوویەوە. دزەکانیش تەڵەکەیەکی نوێیان داهێنابوو کە هەڵگرتنی سوورە ماسی بوو بۆ بەلاڕێدابردنی ئەو سەگە ڕاهێنراوانەی لەگەڵ پۆلیسەکانن. کاتێك سەگە پۆلیسییەکان پێیی دەزانن و دوایان دەکەوتن، دزەکان سوورە ماسییەکەیان فڕێ دەدا کە بۆنێکی زۆر بەهێزی هەبوو بۆ ئەوەی سەگەکان دوای بۆنی ماسییەکە بکەون و بەلاڕیاندا ببات.

**نموونە:**

کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ کیژێك دەکەیت لەبارەی واجبێتی پۆشینی حیجاب، ئەو دەچێت باسی سەحوەی ئیسلامی و کاریگەرییەکانی

دەکات لەسەر ئافرەتان، گوایە مەحرومی کردوون لە مافەکانیان و ڕۆڵیانی کورت هەڵهێناوە لە حیجاب و پەروەردە!

**[نموونەیەکی دیکە:]**

کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕدا دەکەیت و پێی دەڵێیت: بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی خودا بوونی نییە؟ هەڵدەستێت بەلاڕیدابردن و تێکدانی گفتوگۆکە، بۆیە دەڵێت: ئێوە تیرۆرستن! ئیسلام ئایینێکە تینووی خوێنی مرۆڤەکانە! ئیسلام ئایینێکی کۆنەپەرستییە! هاوشێوەی ئەم وتە بێبنەمایانە.

ASTANA

## چەواشەکاری چوارەم: (مغالطة المنحدر الزلق)
## چەواشەکاری لێژی خزێنەر

شێوازی ئەم چەواشەکارییە بریتییە لەوەی کەسی چەواشەکار هەڵدەستێت بە زێدەڕۆیکردن لە سەرەنجامەکانی وتەی کەسی بەرانبەر، زنجیرەیەك شوێنەواری نەرێنی دەخاتە سەری هەرچەندە وتەکەش ئەو دەرەنجام و شوێنەوارانە ناخوازێت.

**نموونە:**

کاتێك باسی کۆڕی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەکەیت، کەسی چەواشەکار دەڵێت: ئەم کۆڕ و بازنانە لە داهاتوودا دەبنە گرووپی تیرۆریستی و وڵات وێران دەکەن، شار و گوندەکان خاپوور دەکەن، خێزانەکان پەرت و بڵاو دەکەن.

**[نموونەیەکی دیکە:]**

کاتێك چەواشەکارێك کیژۆڵەیەکی حیجاب پۆش دەبینێت، پێی دەڵێت: ئەم حیجابە چییە؟! چییە هەر لە ئێستاوە حیجابت پۆشیووە! خێرە هەر لە ئێستاوە خۆت پیر کردووە! دوای قژت هەمووی دەوەرێت و کەچەڵ دەبیت! دواتر شووت بۆ نابێت! دواتر... دواتر...هتد.

ASTANA

## چەواشەکاری پێنجەم: (مغالطة الاحتكام إلى الشيوع)
## چەواشەکاری داوەریکردن بۆلای ئەوەی کە بەربڵاوە

وێنەی ئەم چەواشەکارییە بریتییە لەوەی کەسی چەواشەکار هەڵدەستێت بە چەسپاندنی بابەتێك، یان نکۆڵی لێکردنی بە پشت بەستن بەو باوەڕەی، یان کار و کردەوەیەی کە بەربڵاوە. گومانی تێدانییە زۆرینە هەرگیز بەڵگە نییە لەسەر ڕاستێتی، یان ناڕاستێتی شتێك، بەڵکوو ئەوەی ئەم بابەتە یەکلایی دەکاتەوە بەڵگە و بورهانی ڕوون و ڕاست و ڕاشکاوە.

**نموونە:**

کاتێك لە یەکێك لە وڵاتە ئەورووپییەکان گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی مەسیحی دەکەیت، پێی دەڵێیت: بەڵگەی ڕاستی ئایینەکەتم بۆ بسەلمێنە؟ ئەویش دەڵێت: ئەوەتا مەسیحییەت لێرە بەربڵاوە و زۆربەی خەڵکی مەسیحین، کەواتە ئایینی مەسیحییەت حەقە! [1] دەبینیت بۆ چەسپاندنی بابەتێك پشتی بەست بەوەی زۆربەی خەڵکی لەسەرە.

---

(١) ئەگەر کەسێك بڵێت: دەکرێت هەمان چەواشەکاری لەو وڵاتانە دووبارە ببێتەوە کە زۆربەی مسوڵمانە، دەڵێین: نەخێر، هەرگیز وانییە؛ چونکە بەڵگەکانی ڕاستی و حەقبوونی ئیسلام لە ژمارە نایەت، هەر کەسێکیش بیەوێت، ئەوا زۆر بەئاسانی دەستی دەکەوێت، بۆ نموونە بڕوانە پەرتوکی: (أصول دلائل الإسلام).

**نموونەیەکی دیکە:**

**چەواشەکار دەڵێت: بیردۆزی پەرەسەندن ڕاست و دروستە؛ چونکە لە هەموو زانکۆکانی جیهان بەربڵاوە و دەخوێنرێت!**

**دەبینیت لەم نموونەدا چەواشەکار ڕاستی و دروستی بیردۆزی پەرەسەندنی بەستووەتەوە بە بەربڵاوی لە زانکۆکانی جیهاندا!**

ASTANA

## چەواشەکاری شەشەم: (مغالطة تجاهل المطلوب)
## چەواشەکاری پشتگوێخستنی داواکراو

شێوازی ئەم چەواشەکارییە، کەسی چەواشەکار پرسیارێکی دیاریکراو یان داخوازییەکی دیاریکراو، یان ئەو بابەتەی پێویستە بەڵگەی لەسەر بهێنێتەوە پشتگوێی دەخات، وەڵامێکی دیکەت دەداتەوە، یان بەڵگە لەسەر بابەتێکی دیکە باس دەکات.

**نموونە:**

کاتێك بە کەسی بێباوەڕ دەڵێیت: کێ ئەم بوونەوەرەی دروستکردووە؟ لە بەرانبەردا ئەو دەست دەکات بە باسی یاساکانی بەڕێوەچوونی بوونەوەر و کارلێکی توخمەکان و... هتد!

دەبینیت پرسیاری ئەوەی لێ نەکرا یاساکانی بونەوەر کامانەن؟ یان بوونەوەر چۆن بەڕێوەدەچێت؟ یان باسوخواسی کارلێکی ماددە و توخمەکان. بەڵێ، بێگومان بوونەوەر بەپێی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا درووست بووە و بەڕێوە دەبرێت، بەڵام ئەم یاسا و ڕێسایانە بەدیهێنەر نین؛ یاساکان خۆشیان مەخلوق و بەدیهێنراون لەگەڵ بوونەوەر، هەر بۆیە پێویستە خالق و بەدیهێنەریان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەم باسە زیاتر ڕوون ببێتەوە نموونەیەك باس دەکەین:

کاتێك پرسیار دەکرێت چۆن ئەو خواردنە دروست بووە؟

ASTANA

وەڵام: بە پێی یاساکانی چێشتلێنان دروست بووە. وەڵامەکە لێرەدا ڕاستە، بەڵام کاتێك پرسیار دەکەین کێ ئەو خواردنەی دروستکرد؟

وەڵام: یاساکانی چێشتلێنان دروستی کردووە! وەڵامەکە لێرەدا هەڵەیە؛ چونکە یاساکان هۆکاری دروستبوونن و پێویستییان بە دروستکارێکە بۆ ئەوەی لەڕێیانەوە دروستی بکات.

وەڵامی ڕاست: چێشتلێنەر دروستی کردووە.

دەربارەی بوونەوەریش کاتێك پرسیار دەکەین: چۆن بوونەوەر دروستکراوە؟

وەڵام: بەپێی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا درووستکراوە. وەڵامەکە لێرەدا ڕاستە. بەڵام کاتێك پرسیار دەکەین کێ بوونەوەری دروست کردووە؟

وەڵام: یاسا و ڕێساکان دروستی کردووە! وەڵامەکە لێرەدا هەڵەیە؛ چونکە یاسا و ڕێساکان هۆکاری دروست بوونن و پێویستیان بە دروستکار و بەدیهێنەرە بۆ ئەوەی بوونەوەر بەگوێرەیان دروست بکات.

وەڵامی ڕاست: خودا بەدیهێنەر و دروستکاری بوونەوەرە.

**نموونەیەکی دیکە:**

کاتێك بە ئافرەتێك دەڵێت: بۆچی حیجابی شەرعی ناپۆشیت؟

ASTANA

وەڵامت دەداتەوە و دەڵێت: من دڵم پاکە! یان دەڵێت: من دڵم حیجابە! یان دەڵێت: ئێوە وا دەزانن هەموو شتێك هەر حیجابە! یان هەر وەڵامێکی هاوشێوەی ئەمانە.

دەبینیت لێرەدا داخوازیکراو بریتیە لە: بۆچی حیجابی شەرعی ناپۆشی، کەچی بەرانبەر وەڵامێك دەداتەوە کە هیچ پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە.

ASTANA

## چەواشەکاری حەوتەم: (مغالطة الاحتكام إلى المجهول)

## چەواشەکاری داوەریکردن بۆ لای نادیار

شێوازی ئەم چەواشەکارییە، کاتێك چەواشەکار دەیەوێت بابەتێك بچەسپێنێت، پشت بە سەرچاوەیەکی نادیار دەبەستێت.

**نموونە:**

چەواشەکار دەڵێت: بەرِۆژووبوون زیانی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە! پاشان کە داوای سەرچاوە و بەڵگەی لێ دەکرێت، دەڵێت: پزیشکەکان وا دەڵێن! یان دەڵێت: لێکۆڵینەوەکان ئەمەیان ئاشکرا کردووە! یان دەڵێت: یەکێك لە پسپۆڕان وا دەڵێت! یان هەر وەڵامێکی هاوشێوەی ئەمانە.

دەبینیت چەواشەکار لە وەڵامەکانیدا دیاری ناکات کامە پزیشك وا دەڵێت، یان کامە لێکۆڵینەوە بە دیاریکراوی، یان کامە پسپۆڕ.

**نموونەیەکی دیکە:**

چەواشەکار دەڵێت: خەلیفەکانی مسوڵمانان زۆربەی هەرە زۆریان سەرقاڵی دونیاداری و خەریکی ئافرەت کۆکردنەوە بوون، لەناویاندا هەبووە زیاتر لە هەزار ژنی هەبووە لە کۆشکەکەیدا! خەڵکانێکی ستەمکار و گەندەڵ بوون!

کاتێك پرسیاری لێ دەکەیت بەڵگەت چییە؟ سەرچاوەی ئەم قسانەت چییە؟ دەڵێت: ئەم شتانە بەربڵاوە لەناو خەڵکیدا! یان دەڵێت: من خوێندوومەتەوە! یان دەڵێت: لە پەڕتووکدا هاتووە! یان دەڵێت: مێژوونووسان وادەڵێن!

دەبینیت چەواشەکار لە وەڵامەکانیدا دیاری ناکات کامە پەڕتووك وا دەڵێت؟ کامە مێژوونووس وای وتووە؟ لە کامە پەڕتووکدا خوێندوویەتییەوە؟

ASTANA

## چەواشەکاری هەشتەم: (مغالطة المصادرة علی المطلوب)

## چەواشەکاری دەستگرتن بەسەر داخوازیکراو

وێنەی ئەم جۆرەی چەواشەکارییە بریتییە لە تێکەڵکردنی سەرەنجام (النتیجة) لەگەڵ پێشەکی (المقدمة)، کێشە (المشکلة) لەگەڵ چارەسەر (الحل) و بانگەشە (الدعوی) لەگەڵ بەڵگە (الدلیل).

ئەسڵ لە بەڵگە و بورهان دەبێت ڕوون و ڕاست و ڕاشکاو و حاشا هەڵنەگر بێت، بەڵگە نەویستە کاتێك جیاوازی لەسەر بابەتێك دروست دەبێت، دەبێت پشت بە شتێك ببەسترێت کە جیاوازی تێدا نییە بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو بابەتە، بێباوەڕەکان زۆرجار ئەم چەواشەکارییە دووبارە دەکەنەوە.

**نموونە:**

کاتێك دەوترێت بوونەوەر بەوپەڕی وەردەکاری و ڕێکخستەنەوە درووستکراوە، ناشکرێت ئەم ڕێکخستن و وەردەکارییە لەڕادەبەدەرە بە شێوازی هەڕەمەکی و عەشوائی هاتبێتە کایەوە.

کەسی بێباوەڕ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: بەڵێ، شتانێك هەیە بەوپەڕی وردەکاری و ڕێکخستەنەوە دروستبووە کە بە شێوازێکی هەڕەمەکی و عەشوائی هاتووەتە کایەوە!

پرسیاری لێ دەکرێت: ئەو شتانە چییە؟

وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: بۆ نموونە بونەوەر، بە شێوازێکی هەڕەمەکی و عەشوائی بەوپەڕی وەردەکاری و ڕێکخستەنەوە دروستبووە.

ئەمە نموونەیەکی ڕوونە لەسەر ئەم جۆرەی چەواشەکاری، داواکراو بریتییە: لە چەسپاندنی ئەوەی بوونەوەر بە شێوازێکی هەڕەمەکی و عەشوائی دروستبووە، بەڵگەکەشی بریتییە: لەوەی بوونەوەر بە شێوازێکی هەڕەمەکی و عەشوائی دروستبووە!

**نموونەیەکی دیکە:**

کاتێك دەوترێت: چ بەڵگەیەك هەیە لەسەر ئەوەی بیردۆزی پەرەسەندن ڕاستە؟

کەسی بەرانبەر وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: بیردۆزی پەرەسەندن ڕاستە؛ چونکە بابەتێکی ڕاست و دروستە!

دەکرێت لە بەرانبەردا بوترێت: بیردۆزی پەرەسەندن ناڕاستە؛ چونکە بابەتێکە دوورە لە ڕاستییەوە.

داواکراو بریتییە: لە سەلماندنی ئەوەی بیردۆزی پەرەسەندن ڕاستە.

بەڵگەکەی بریتییە: لەوەی بیردۆزی پەرەسەندن ڕاستە!

ئەگەر بەم شێوازە بێت، ئەوا هەرگیز ناگەین بە سەرەنجام، بۆیە دەبێت بەڵگەی ڕوون و ڕاست و ڕاشکاو و حاشاهەڵنەگر

ASTANA

لەسەر بانگەشەکان باس بکرێت، باسکردنی بەڵگەش لەسەر کەسی بەرانبەرە؛ چونکە ئەو بانگەشەی ڕاستێتی بیردۆزی پەرەسەندن دەکات.

ASTANA

## کۆتـــایی

نەوەی داهاتوو نەوەیەکی ژیر و بیرمەندی ڕەخنەگر دەبن بە ویستی خودا، ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی ئەو وتە و باوەڕە نادروست و بێبنەمایانە دەکەنەوە کە دژی فیترەت و ڕەوشت و باوەڕی مرۆڤە. ڕێسا قورئانییەکان دەکەنە پەیڕەو و پڕۆگرام بۆ بونیادنانی بیروباوەڕیان و بەرپەرچدانەوەی هەر شتێك پێچەوانەی بکات.

ASTANA

# ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ.................................................... ٥
پێشەکی نووسەر.................................................... ٨
بەها و گرنگی.................................................... ١٣
بیری ڕەخنەیی.................................................... ١٣
بەها و گرنگی بیری ڕەخنەیی.................................... ١٥
ڕێساکانی بیری ڕەخنەیی .............................................. ١٩
ڕێسای یەکەم: وەرنەگرتنی وتەی بێ بەڵگە ................................ ٢١
ڕێسای دووەم: دابەشکردنی وتەکەی بۆ سێ بەش: «بەڵگە، بەڵگە هێنانەوە و سەرەنجام» پاشان پرسیاری ڕەخنەیی ڕووبەڕووی هەر یەکێکیان بکرێتەوە.................................................... ٢٤
ڕێسای سێیەم : ئاڕاستەکردنی پرسیارە ڕەخنەئامێزەکان بۆ بەڵگەکە.... ٢٨
ڕێسای چوارەم: ڕوانینە ئەو لایەنانەی کە باس نەکراوە و کاریگەری هەیە لەسەر تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە یان لە سەرەنجام...... ٤١
ڕێسای پێنجەم: پووچەڵکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بەهۆی جێبەجێکردنی بنەمای پەیوەندی .................................................... ٤٤
ڕێسای شەشەم: بەرهەڵستی کردنی سەرەنجام بە سەرەنجامێکی بەهێزتر.................................................... ٤٦
نموونە کرداریيەکان .............................................. ٤٩
ڕاهێنان .................................................... ٦١

ڕاهێنان لەسەر ڕێسا ڕەخنەییەکان.............................................٦٣
چەواشەکارییە لـۆژیکییـەکان.....................................................٦٧
چەواشەکاری یەکەم: (مغالطة رجل القش) چەواشەکاری داهۆڵەکە...٧١
چەواشەکاری دووەم: (مغالطة الشخصنة) چەواشەکاری بە شەخسی کردنی گفتوگۆ ...........................................................................٧٣
چەواشەکاری سێیەم: (مغالطة الرنجة الحمراء) چەواشەکاری ماسییە سوورەکە .................................................................................٧٥
چەواشەکاری چوارەم: (مغالطة المنحدر الزلق) چەواشەکاری لێژی خزێنەر.........................................................................................٧٧
چەواشەکاری پێنجەم: (مغالطة الاحتكام إلى الشيوع) چەواشەکاری داوەریکردن بۆلای ئەوەی کە بەربڵاوە ............................................٧٨
چەواشەکاری شەشەم: (مغالطة تجاهل المطلوب) چەواشەکاری پشتگوێخستنی داواکراو ......................................................................٨٠
چەواشەکاری حەوتەم: (مغالطة الاحتكام إلى المجهول) چەواشەکاری داوەریکردن بۆ لای نادیار ..............................................................٨٣
چەواشەکاری هەشتەم: (مغالطة المصادرة على المطلوب) چەواشەکاری دەستگرتن بەسەر داخوازیکراو..................................................٨٥
کۆتـــایی ..........................................................................٨٨

ASTANA




لەم پەڕتووکەدا بایەخ داوە بە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ، لەوانە:

- دیارترین هەڵە و چەواشەکارییە بەربڵاوەکان سەبارەت بە شوناس و باوەڕی موسڵمان کامەیە؟
- چۆن دڵنیا ببینەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو وتە و ئەفکارانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شاشەی تیڤییەکانەوە؟
- کامانەن ڕێگاکان کە بە هۆیانەوە لە هەڵە و چەواشەکاریی وتە و ئەفکارەکان دڵنیا دەبینەوە؟
- ئایا دەتوانم شوێن و شێوازی ئەو هەڵە و چەواشەکاریانە دەستنیشان بکەم؟
- ئایا دەتوانم بگەم بە ناوەڕۆک و کرۆکی هەڵە و چەواشەکارییەکان؟
- ئایا چۆن بگەم بە وەڵامی دڵسارێژکار بۆ پرسیارەکانم؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە و، چەندان باس و خواسی دیکەی گرنگ لەم پەڕتووکەدا دێتە پێش چاوی خوێنەر.

ASTANA